مجلة فصلية محكمة تصدرها كلية
التربية للعلوم الإنسانية - جامعة كركوك

# مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية

المجلد (20) العدد الاول - الجزء الثاني - ب - تموز 2025

مجلة فصلية صادرة من
كلية التربية للعلوم الإنسانية
جامعة كركوك
Issn 1992 - 1179

العنوان البريدي
العراق/ كركوك/ جامعة كركوك
صندوق البريد: 2281 والرمز البريدي: 52001
رقم الايداع في دار الكتب و الوثائق ببغداد 1209 لسنة 2009

مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية
المجلد (20) العدد الاول - الجزء الثاني - ب - تموز 2025

# مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية


**المجلد(20) العدد الاول- الجزء الثاني- ب- تموز 2025**

**مجلة فصلية صادرة من كلية التربية للعلوم الإنسانية**
**جامعة كركوك**

## ISSN 1992 - 1179



**العنوان البريدي**
**العراق/ كركوك/ جامعة كركوك**
**صندوق البريد: 2281 والرمز البريدي: 52001**



**رقم الايداع في دار الكتب و الوثائق ببغداد 1209 لسنة 2009**



**E. mail**
**kujhs@uokirkuk.edu.iq**



**رئيس التحرير**
**الأستاذ الدكتور**
**مراد إسماعيل أحمد**



**تموز 2025**

## أعضاء هيئة التحرير

| ت | الاسم | الملاحظات |
|---|---|---|
| 1 | ا. د. مراد إسماعيل احمد | رئيس هيئة التحرير |
| 2 | م. د. حيدر عادل محمد | مدير هيئة التحرير |
| 3 | ا. د. مشاري عبد العزيز محمد الموسى | عضو هيئة تحرير دولي |
| 4 | ا. د. سيد صادق عوض الله احمد | عضو هيئة تحرير دولي |
| 5 | ا. د. نازان توتاش | عضو هيئة تحرير دولي |
| 6 | ا. د. فهد عباس سليمان | عضو هيئة هيئة تحرير |
| 7 | ا. د. نور الله جتين | عضو هيئة تحرير دولي |
| 8 | ا. د. كمال عبد الله حسن | عضو هيئة تحرير |
| 9 | ا. د. زانيار فائق سعيد | عضو هيئة تحرير |
| 10 | ا. د. جنار عبد القادر احمد | عضو هيئة تحرير |
| 11 | ا. د. دلال علي سليمان زريقات | عضو هيئة تحرير دولي |
| 12 | ا. د. ياسر محمد طاهر | عضو هيئة تحرير |
| 13 | ا. د. كاروان عمر قادر | عضو هيئة تحرير |
| 14 | ا. د. عصام مصطفى عبد الهادي عقلة | عضو هيئة تحرير دولي |
| 15 | ا. د. ابراهيم بن يحيى بن زهران البوسعيدي | عضو هيئة تحرير دولي |
| 16 | ا. د. نزيه إبراهيم المناسية البطوش | عضو هيئة تحرير دولي |
| 17 | ا. م. د.خالصة الغباري | عضو هيئة تحرير دولي |
| 18 | ا. م. د. مهدي قيس عبد الكريم الجنابي | عضو هيئة تحرير دولي |
| 19 | ا. م. د. إسماعيل البر قومسر | عضو هيئة تحرير دولي |
| 20 | ا. د. فارس محمود محمود | عضو هيئة تحرير دولي |
| 21 | ا. م. د. كامل عبد القادر حسين | عضو هيئة تحرير |
| 22 | ا. م. د. عز الدين صابر محمد | عضو هيئة تحرير |
| 23 | ا. م. د. خالد احمد هواس | عضو هيئة تحرير |
| 24 | ا. م. د. محمد اكبر بور | عضو هيئة تحرير دولي |
| 25 | ا. م. د. علي هادي حسن | عضو هيئة تحرير |
| 26 | ا. د. مجيد احميد جدوع الزبيدي | عضو هيئة تحرير |
| 27 | ا. م. د. محمد علي شريف | عضو هيئة تحرير |
| 28 | م. د. زينب عصمت صفاء الدين | عضو هيئة تحرير |
| 29 | م. د. عماد عبد الله مراد | عضو هيئة تحرير |

مقدمة

يشرفني أن أقدم لكم هذه المقدمة التي تسلط الضوء على الدور الحيوي والمهم للبحوث التي يقدمها الباحثون للمجلة، والتي تسهم بشكل فاعل في تعزيز وتطوير مجالات الدراسات الإنسانية. إن المجلة تهدف إلى توفير منصة علمية رائدة لنشر الأعمال الأكاديمية التي تتناول قضايا حيوية في مختلف فروع العلوم الإنسانية، بما في ذلك الفلسفة، وعلم الاجتماع، والأنثروبولوجيا، وعلم النفس، واللغة، والتاريخ، والفنون، وغيرها.

إن الأبحاث المقدمة للمجلة ليست مجرد نتائج لدراسات علمية، بل هي محطات فكرية تعكس تطور المفاهيم والنظريات في هذه المجالات. تعمل هذه الدراسات على طرح حلول للمشاكل المعاصرة، وفهم الظواهر الإنسانية في سياقاتها المختلفة، كما تساهم في تقديم رؤى جديدة لتطوير المجتمع وتعزيز الوعي الثقافي والعلمي.

إن الدور الكبير لهذه البحوث لا يتوقف عند نشر المعرفة فقط، بل يتعداه إلى تحفيز التفكير النقدي والإبداعي، ودعم الجهود الأكاديمية في بناء قاعدة معرفية متينة تُسهم في تحريك عجلة التغيير والتطور في المجتمعات الإنسانية. ولذلك، فإننا نعتبر هذه البحوث أداة أساسية في تطوير الفكر الإنساني، ودعم المساعي المستمرة لتحسين جودة الحياة البشرية عبر أبعادها المختلفة.

نتطلع في المجلة إلى استقبال مزيد من الدراسات الرصينة التي تثرينا وتوسع آفاقنا العلمية، مؤمنين بأن هذه الإسهامات العلمية هي حجر الزاوية في بناء مستقبل أكثر إشراقاً في مجال الدراسات الإنسانية.

**رئيس هيئة التحرير**

**ا. د. مراد إسماعيل احمد**

# شروط وقواعد النشر في مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية

1. تسلم نسخة الكترونية من البحث عبر الموقع ( https://kujhs.uokirkuk.edu.iq ) تحت برنامج Microsoft Word بصيغة doc او بصيغة dox.
2. يطبع البحث بواسطة الحاسوب بمسافات واحدة بين الأسطر شريطة أن لايزيد عدد صفحاته عن 25 خمس وعشرين صفحة وبواقع (5000 الى 10000 ) كلمة، ونوع الخط Simplified Arabic بما في ذلك الجداول، مع تنسيق محدد مسافة 1.5، خط بحجم 14، على ورق A4. للبحوث الخاصة باللغة العربية، يُكتب البحث بخط ( Times New Roman) للغة الإنجليزية و التركية بحجم خط (14) على ورق مقاس(A4). اما بالنسبة اللغة الكوردية فونت كوران Kurdfonts.
3. تقديم سيرة علمية مختصرة للباحث أو الباحثين مرفقة مع البحث وتكون منفصلة.
4. تكتب أسماء الباحثين الثلاثية باللغة العربية والإنجليزية كما تذكر عناوين وظائفهم الحالية ورتبهم العلمية.
5. إقرار من المؤلف يؤكد أن البحث لم يسبق نشره وليس قيد النشر في مجلة أخرى.
6. العناوين الرئيسة والفرعية تستعمل داخل البحث لتقسيم أجزاء البحث حسب أهميتها وبتسلسل منطقي وتشمل العناوين الرئيسة: عنوان البحث، الملخص، الكلمات الدالة، المقدمة، إجراءات البحث، الشرح، الاستنتاج، المراجع.
7. يرفق مع البحث ملخص باللغة العربية وباللغة الإنجليزية على أن لاتزيد كلمات الملخص عن (250) كلمة.
8. تكتب بعد الملخص الكلمات الدالة للبحث.
9. تطبع الجداول والأشكال والخرائط داخل المتن وترقم حسب ورودها في البحث وتزود بعناوين ويشار إلى كل منها بالتسلسل.
10. يجوز نشر البحث إذا كان مستلًا من أطروحة أو رسالة دكتوراه أو ماجستير، بشرط ألا تكون هذه الرسائل منشورة أو مقبولة للنشر، ويجب الإشارة إلى هذا في الصحيفة الأولى وقائمة المراجع، والإفصاح عن ذلك في الإقرار والتعهد.

11. يلتزم الباحث بدفع النفقات المالية المترتبة على إجراءات التقويم في حال طلبه سحب البحث ورغبته عدم متابعة إجراءات النشر.

12. يمنح الباحث مدة أقصاها ثلاثة اشهر لإجراء التعديلات على بحثه إن وجدت ومن حق المجلة بعد ذلك الغاء الملف البحثي تلقائيا في حال تجاوز المدة المذكرة أعلاه.

13. التوثيق ( قائمة المراجع )

أ. يُشترط اتباع أسلوب الكتابة وفقًا لمعايير APA النسخة السابعة (الجمعية الأمريكية لعلم النفس )، ويجب الالتزام بالدقة في الاستشهادات وتنسيق القائمة المرجعية وفقًا لهذه المعايير، لضمان الوضوح والتناسق في تقديم البيانات والمعلومات العلمية.

ب. يشار إلى المراجع في المتن بالاسم الأخير للمؤلف وسنة النشر والصحيفة، مثال: علي عبد عباس العزاوي ( العزاوي، 2008: 214) أو ( العزاوي، 2008).

ت. يجوز في بحوث علوم القرآن والتأريخ الإسلامي توثيق المراجع من خلال تهميش المراجع باستعمال الأرقام المتسلسلة بين قوسين هكذا (1) ، (2) ، (3) وتبين في آخر البحث تفاصيل المراجع حسب تسلسلها وتوضع قبل قائمة المصادر والمراجع.

ث. توثق المصادر والمراجع في قائمة واحدة في نهاية البحث وترتب هجائيا حسب الاسم الأخير للمؤلف مثل:

(اسم العائلة، الاسم الأول للمؤلف، (سنة النشر )، عنوان الكتاب، رقم الطبعة، مدينة النشر، در النشر )، مثال:

شحاذة ، نعمان 2011، التحليل الإحصائي في الجغرافية والعلوم الاجتماعية، عمان – الأردن، دار صفاء للنشر والتوزيع.

ج. أما الدوريات: فيبدأ بذكر الاسم الأخير للمؤلف، ثم بقية الاسم كاملاً، ثم توضع سنة النشر بين حاصرتين. ثم عنوان البحث. ثم اسم المجلة غامق، ثم مكان صدورها، ثم رقم المجلد، ثم رقم العدد، ثم أرقام الصفحات.

14. يستشهد الباحث ببحثين على الأقل منشورين في مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية

15. عمل استلال للبحث في مركز الحاسبة الصادر من رئاسة الجامعة.

16. على الباحث دفع أجور النشر البالغة: (150.000) مائة الف دينار عراقي واذا زاد عدد الصفحات عن (25) خمس وعشرين صحيفة فسوف يتم استيفاء الأجور بواقع (5.000) خمسة الاف دينار لكل صفحة.
17. تجري هيئة تحرير المجلة التقييم الأولي للبحث، ثم يُعرض على محكّمين من ذوي الخبرة العلمية في مجال التخصص، وتلتزم المجلة بإخطار الباحث بالقرار النهائي بشأن الموافقة على النشر من عدمها على أن يلتزم الباحث بإجراء التعديلات التي قد يطلبها المحكمون من أجل إجازة البحث أو الدراسة للنشر في المجلة.
18. ترسل البحوث وجميع المراسلات المتعلقة بالمجلة الى موقع المجلة.

# فهرست البحوث المنشورة

## اللغة العربية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | المقالة الوصفية ( مقالات فاروق مصطفى ) أَنموذجاً | م. م. حسن علي حسن الكاكائي | 1-24 |
| 2 | السبك النصي في ديوان (الى برقيات وصلت متاخرة ) لأحمد جارالله ياسين | م. د. يونس أحمد عيدان سلطان | 25-50 |


## اللغة الانكليزية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | تحليل النصوص في القصة القصيرة الكردية "پاشماوەی مێرد منداڵێك" (بقايا مراهق) لمحمد فارق حسن | م. الماس نسرالدين عبدالرحمن | 51-65 |
| 2 | حضور الأب وغيابه في قصة فرانك أوكونور "عقدة أوديب" من منظور التحليل النفسي | حكمت خلف حسين الحسين | 66-89 |
| 3 | استخدام المحادثات الغير الرسمية في تدريس الافعال السببية لطلاب | م. م. رؤيا لطيف طالب | 90-104 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | اللغة الانكليزية كلغة اجنبية | | |
| 4 | لا تدعني أذهب أبدًا" لكازو إيشيجورو: قراءة ماركسية لغسيل الدماغ من خلال التعليم | م. د. زينب عصمت صفاء الدين النفطجي | 106-124 |
| 5 | الطبقات الاجتماعية ودور الملابس والقراءة في رواية التوقعات العظيمة موضوعية لتشارلز ديكنز: دراسة | م.م. علي حسن علي | 125-155 |
| 6 | الهوية الوطنية كمنتج ثقافي في الرواية العراقية المعاصرة: دراسة ثقافية في روايتي علي بدر "بابا سارتر" و"حارس التبغ | م. د. غياث منهل الكناني | 156-188 |
| 7 | المسرح داخل المسرح ووسائل التواصل الاجتماعي في مسرحية "قاعة السينما" لآني بيكر و"صمت السماء" للورين غندرسو | ا.م. مي احمد مجيد | 189-203 |

## اللغة الكردية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | التغييرات الصوتية والدلالية لمصدر (يائى) من وجهة نظر إتيمولوجية | م. د. تانيا إسماعيل حمه امين<br>م. د. باخان سرحد عبدالرحمن | 204-245 |
| 2 | التغييرات المعجمية للهجة الخوشناوتي | م. د. ساكار أنور حميد | 246-279 |
| 3 | المفارقة في نصوص قباد جليل زادة | سرحت حسين مصطفى<br>زانيار صالح علي | 280-313 |
| 4 | رواية الحرب لصلاح عمر في ضوء منهج النقد التاريخي (المنهج النقدي لـ(هيبوليت أدولف تين)، على سبيل المثال) | ا. م. د. ريبين خليل قادر<br>م.د. كوران عبد الله احمد | 314-359 |
| 5 | ادراك المخططات الذهنيهة، مفهوم (القلب) و (العين) و فى الشعر الكوردى<br>الشاعر (محوى) نموذجا | د. هئرش كەريم حەميد | 360-384 |
| 6 | الكلمات متعددة المعاني، كيفية تحديد الكلمات متعددة المعاني | م. م. ارام رشيد مجيد | 385-409 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | وتخزينها | | |


## اللغة التركية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | (2025-1921) على ضوء وثائق الأرشيف التربية والتعليم اللغة التركية في كركوك | م. م. ابراهيم ضياء انور | 385-411 |
| 2 | عناصر الجمال في ديوان ابو بكر المفتي | م.م.علي نيازي رشيد | 412-432 |
| 3 | دراسة الحكايات الشعبية في قرية قره ناز التركمانية | م. د. مرتضى حيدر عزت | 433-458 |
| 4 | ديوان المفتي بكر أفندي في ضوء نسخة منسية وقصائد حصرية لهذه النسخة | م. م. عائشة ممتاز حسن | 459-478 |

مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية المجلد (20) العدد الاول – الجزء الثاني – ب – تموز 2025

Kirkuk University Journal of Humanities Studies

مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية

https://kujhs.uokirkuk.edu.iq

*DOI: 10.32894/1992-1179.2025.157762.1150*

Date of research received13/04/2025, Revise date08/05/2025and accepted date 27/05/2025

# (Salah Omar)'s novel (War) in the light of the method of historical criticism (Hippolyte Adolf Tin)'s critical method, for example)

**Rebin Khalil Qader** **Kuran Abdullah Ahmed**

## Abstract:

Historical criticism is one of the critical approaches that studies the text from outside the literary text and is more concerned with the external factors that play an important role in the structure of the text and is interested in the historical dimension in the text. Among the critical approaches or theories of this critical approach, there is a critical approach or theory led by the French critic (Hippolyte Adolphe Taine), which explains literary texts in terms of three inevitable natural laws or elements such as: race, time and environment. (Taine) believes that literary texts are the result of the effects of these laws and three elements, which affect, on the one hand, the emergence of literary texts within the framework of a system of natural laws and subject them to this system; like any other system. On the other hand, (as Taine pointed out), they can be considered critical standards and principles in the process of studying the literary text, and the critic must adhere to these factors and three laws and study the author and the literary text as two basic pillars of the literary creativity process from the perspective of the three laws and elements.

**Keywords:** Historical Criticism Method, War, Hippolyte Taine, Race, Moment, Environment

# رواية الحرب لصلاح عمر في ضوء منهج النقد التاريخي (المنهج النقدي لـ(هيبوليت أدولف تين)، على سبيل المثال)

**ا. م. د. ريبين خليل قادر[1]** **م.د. كوران عبد الله احمد[2]**

**ملخص**

النقد التاريخي هو أحد المناهج النقدية التي تدرس النص من خارج النص الأدبي و تهتم أكثر بالعوامل الخارجية التي تلعب دوراً مهماً في بنية النص و يهتم بالبعد التاريخي في النص. ومن بين المناهج أو نظريات نقدية لهذا المنهج النقدي، هناك منهج أو نظرية نقدية قادها الناقد الفرنسي (هيبوليت أدولف تين)، والتي تفسر النصوص الأدبية من حيث ثلاث قوانين أو عناصر طبيعية حتمية مثل: العرق و الزمن و

[1] جامعة صلاح الدين / كلية التربية / قسم اللغة الكردية

[2]



IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

البيئة. ويرى (تين) أن النصوص الأدبية هي نتاج تأثيرات هذه القوانين و العناصر الثلاثة، التي تؤثر من ناحية، في ظهور النصوص الأدبية في إطار نظام من القوانين الطبيعية وتخضعها لهذا النظام؛ مثل أي نظام آخر. و من ناحية أخرى، (كما أشار تين)، يمكن اعتبارها معايير ومبادئ نقدية في عملية دراسة النص الادبي، ويجب على الناقد أن يلتزم بهذه العوامل و القوانين الثلاثة و أن يدرس المؤلف و النص الأدبي كعمودين أساسيين لعملية الإبداع الأدبي من منظور القوانين و العناصر الثلاثة.

**الكلمات الاساسية:** منهج النقد التاريخي، الحرب، هيبوليت تين، العرق، العصر، البيئة.

## ڕۆمانی (جەنگ)ی (سەلاح عومەر) لەژێر ڕۆشنایی میتۆدی ڕەخنەی مێژووییدا (میتۆدی ڕەخنەیی (هیپۆلیت ئەدۆڵف تین) بە نموونە)

**د. ڕێبین خلیل قادر** — **پرۆفیسۆری یاریدەدەر**

**د.گۆران عبدالله احمد** — **مامۆستا**

**زانکۆی سەلاحەددین _ کۆلێژی پەروەردە**

**بەشی زمانی کوردی**

**پوختە:**

ڕەخنەی مێژوویی یەکێکە لەو میتۆدە ڕەخنەییانەی لە دەرەوەی دەقی ئەدەبییەوە لە دەق دەکۆڵێتەوە و زیاتر بایەخ بەو هۆکارە دەرەکییانە دەدات، کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە پێکهاتەی دەقدا هەیە، بۆیە ئەم میتۆدە ڕەخنەییە هەوڵی بەتەوەرکردنی ڕەهەندی مێژوویی لە دەقدا دەدات. لە نێو ئەم میتۆدە ڕەخنەییەشدا میتۆدێکی ڕەخنەیی یان تیۆرێکی ڕەخنەیی هەیە کە (هیپۆلیت ئەدۆڵف تین)ی ڕەخنەگری فەڕەنسی ڕابەرایەتی دەکات و دەقی ئەدەبی لە ڕوانگەی سێ یاسا و ڕەگەزی سروشتی حەتمی وەک (نەژاد، سەردەم، ژینگە) ڕاڤە دەکات و ئەدەقی ئەدەبی بەمانەوە پەیوەست دەکات. (تین) پێیوایە دەقی ئەدەبی دەرهاویشتەی کاریگەرییەکانی ئەم سێ ڕەگەزەیە، کە لەلایەکەوە کاریگەرییان لە سەرهەڵدانی دەقی ئەدەبیدا هەیە لە چوارچێوەی سیستەمی کۆمەڵە یاسایەکی سروشتیدا و دەقی ئەدەبی ملکەچی ئەم سیستەمە دەکەن؛ وەک هەر سیستەمێکی تر، لەلایەکی تریشەوە (وەک تین ئاماژەی پێداوە) دەشێ وەک پێوەر و بنەمایەکی ڕەخنەیی لە توێژینەوەی



IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

دەقدا بایەخیان پێبدرێت و ڕەخنەگر ملکەچی ئەم سێ هۆکار و یاسایە بێت و هەر لەم ڕوانگەیەشەوە لە دەقنووس و دەقی ئەدەبی بکۆڵێتەوە، کە دەبێتە هۆی ڕوونکردنەوەی زۆر لایەنی شاراوەی ئەم دوو پایەی کردەی داهێنانی ئەدەبی.

**وشە سەرەکییەکان:** میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی، جەنگ، تین، نەژاد، سەردەم، ژینگە.

## پێشەکی:

### ناونیشانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆمانی (جەنگ)ی (سەلاح عومەر) لە ژێر ڕۆشنایی میتۆدی ڕەخنەی مێژووییدا (تیۆری هیپۆلیت تین) بە نموونە)، هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی کاریگەری و ڕەنگدانەوەکانی ڕەگەزە سروشتییەکانی وەک: (نەژاد، سەردەم، ژینگە) لەسەر ڕۆمانی (جەنگ)ی (سەلاح عومەر)دا بەپێی تیۆرە ڕەخنەییەکەی (هیپۆلیت تین)، لە هەمان کاتدا هەوڵدراوە ڕۆمانەکە لەبەر ڕۆشنایی ئەم هۆکار و ڕەگەزانەی (تین)ەوە ڕاڤە بکرێت.

### میتۆدی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا پێڕەوی هێڵە گشتییەکانی میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی و لە نێویشیدا پێڕەوی میتۆدە ڕەخنەییەکەی (هیپۆلیت ئەدۆڵف تین) کراوە.

### پلانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە، لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەمی تیۆرییە و لە سێ تەوەرە پێکهاتووە. لە تەوەرەی یەکەمدا، باسی میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی کراوە. لە تەوەرەی دووەمدا، هەندێک لە بنەما ڕەخنەییەکانی ئەم میتۆدە خراوەتەڕوو. لە تەوەرەی سێیەمدا، میتۆدە ڕەخنەییەکەی (هیپۆلیت تین) لە سێ تەوەرەی تردا خراوەتەڕوو. بەشی دووەمی توێژینەوەکە پراکتیکییە و تایبەتە بە ڕاڤەکردنی ڕۆمانی (جەنگ) لەبەر ڕۆشنایی میتۆدی ڕەخنەیی (هـ . ئە. تین)،

بەتایبەتیش هۆکار و یاساکانی (نەژاد، سەردەم، ژینگە). ئەم بەشە لە سێ تەوەرەی سەرەکی پێکهاتووە. تەوەرەی یەکەم، کاریگەری نەژاد و ڕەنگدانەوەی لە ڕۆمانەکەدا خراوەتەڕوو. لە تەوەرەی دووەمدا، ڕۆمانەکە پەیوەستکراوە بە سەردەمی ڕووداوەکان و ئەو بارودۆخەی ڕۆمانەکەی هێناوەتەکایەوە. لە تەوەرەی سێیەمدا، باسی کاریگەرییەکانی ژینگە لەسەر ڕۆماننوس و ڕەنگدانەوەی لە ڕۆمانەکەدا کراوەتەوە. لە تەوەرەی چوارەمیشدا، باسێ پێوەندی و کاریگەرییەکانی هەرسێ یاساکە لەنێو ڕۆمانەکەدا کراوە. لە کۆتاییشدا، ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

## 1 : میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی:

### 1-1: میتۆدی رەخنەی مێژوویی (ناساندن):

ئەم میتۆدە ڕەخنەییە، میتۆدێکی چوارچێوەبەندی (سیاقی)یە و بنەما ڕەخنەییەکانی لەو پاشخانە فەلسەفی و مەعریفییەوە سەریهەڵداوە کە بایەخ بە کاریگەرییەکانی چوارچێوەی دەرەکی لەسەر خودی دیاردەکان دەدات، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە ئەم میتۆدە ڕەخنەییە کار لەسەر خودی دیاردەکە وەک بونێکی سەربەخۆ ناکات؛ بەڵکو دیاردەکە دەبەستێتەوە بە چوارچێوە دەرەکی و کۆمەڵێک هۆکاری دەرەوەی خودی دیاردەکەوە، کە ڕۆڵێکی سەرەکیان لە پێکهێنان و دروستکردن و گۆڕان و پەرەسەندنی ئەو دیاردەیەوە هەبووە. بۆیە لە مامەڵەکردنیشی لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا هەمان تێڕوانینی هەیە و دەقی ئەدەبی بە چوارچێوە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوری و نەریتییەکەیەوە دەبەستێتەوە و لە ڕوانگەی هۆکارە دەرەکییە پێکهێنەرەکانی دەقی ئەدەبییەوە لە دەقی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە. دەکرێت بڵێین میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی:

- ✓ میتۆدێکی ڕەخنەییەیە کە ڕووداو و بارودۆخی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەمێک لەو سەردەمانەی کە ئەدەبی پێدا تێپەڕ دەبێت دەکات بە کەرەستە و وەسیلە و ڕێگایەک ڕاڤەکردنی دەقی ئەدەبی و خستنەڕووی دیاردە و خەسڵەتەکانی و لایەنە شاراوە و تەم و مژەکانی دەقی ئەدەبی (مصطفى و علي، 1989: ١٦٩).
- ✓ میتۆدێکە پێش هەموو شتێک بایەخ بە ڕاڤەکردنی دیاردە ئەدەبییەکان و ژیان و کەسێتی نووسەر و ئەدیبان دەدات، ئەمەش بۆ تێگەیشتن لە دەقی ئەدەبی زیاتر لەوەی بایەخ بە بڕیاردان و هەڵسەنگاندن و بەباشتردانانی دەقێک لە دەقێکی تر بدات (مندور، 1974: ١٧).

لە میتۆدی ڕەخنەی مێژووییدا، لە کاتی توێژینەوە لە هەر دەقێکی ئەدەبیدا، هەندێک زانیاری دەرەکی هەن پێویستن و سوودبەخشن بۆ پرۆسەی توێژینەوەکە و ئاشکراکردنی زۆر نهێنی شاراوەی دەقە ئەدەبییەکە، بۆ نموونە: لە توێژینەوەی دەقدا، زانینی بارودۆخی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی پێویستە بۆ تێگەیشتن لە دەقەکە و ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی زۆرێک لە بابەت و خەسڵەت و سیماکانی دەقەکە و ئاراستە گشتیە ئەدەبییەکەی دەقەکە و خاوەنەکەشی. هەروەها توێژینەوەی دەقی ئەدەبی لەبەر ڕۆشنایی ڕەهەندی مێژووییدا بۆ ئەو دەقانەی کە لە سەردەمێکی دیاریکراودا نووسراون، لەژێر ڕۆشنایی ڕووداوە سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا دەبنە هۆی ڕەوینەوەی زۆرێک لەو تەمومژییانەی دەوری دەقەکەیان تەنیووە، چونکە دەق لە ڕووی بابەت و شێوازیدا بریتییە لە تێڕوانینی خاوەنەکانیان کە بەرهەمی ئەو ژینگە و دەوروبەرەیە کە تێیدا داهێنراوە. هەروەها لە ڕاڤەکردن و تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی بۆچوونەکانی ئەدیبەکان و بیر و خەیاڵکردنیان و پەیوەستکردنیان بە سەردەم و ژینگەکانیانەوە دەبێت تێبینی ئەو زانیاری و ڕێبازە سیاسی و زانستی و فەلسەفی و پێوەرە ڕەخنەیی و ئاکارییانە


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

بکەین کە لەو سەردەمانەدا باوبوون و شاعیران و نووسەران پێڕەویان کردووە، یان دژی بوون، چونکە دەقە ئەدەبییەکان، چ بە ئەرێنی بێت، یان نەرێنی بێت، ملکەچی ئەمانەن (الشایب، 1973: 95-96).

بۆیە ڕەچاوکردنی ئەم هۆکارانەی سەرەوە لە توێژینەوەی دەقی ئەدەبیدا کارێکی گرنگە، دەکرێت ئەمانە ببنە سەرچاوەی ڕوونکردنەوەی زۆر نهێنی تایبەت بە دەق و دەقنووس. ئەم میتۆدە ڕەخنەییە ((ڕەهەندی مێژوویی دەق دەکات بە ڕوانگەیەک بۆ ئەنجامدانی کاری ڕەخنەیی، بەمەش دەکەوێتە خانەی ئەو جۆرە ڕەخنانەی کە گرنگی بە دەرەوەی دەق دەدەن)) (کارزان کریم امین، ٢٠٠٩: ٢٠)، واتە لە پرۆسە ڕەخنەییەکەدا ڕەخنەگر لە دەرەوەی دەقی ئەدەبییەوە بۆ دەقەکە دەچێت و ((بە گوێرەی ئەو زانیارییە دەرەکییانەی کە لە کات و سەردەم و ژینگە و ڕێباز و بنەمای فەلسەفی و باردۆخی ئەوسای هاتنەکایەی دەقەکەوە لێیدەکۆڵێتەوە)) (قادر، 2017: 163). لەم جۆرە توێژینەوە ڕەخنەییانەدا ڕەخنەگر ((مێژوو دەخاتە خزمەتی دەقی ئەدەبییەوە نەک بە پێچەوانەوە. ڕەخنەگر لە توێژینەوەی دەقدا دیاردەکان بەدرێژایی سەردەمە یەک بەدوای یەکەکان لە دەقدا دادەماڵێت و لە توێژینەوەشدا پشت بەو بەڵگەنامانە دەبەستێت کە لەبەردەستی دان. هەروەها لە سنووری سەردەمی دەقەکە ڕەخنە لە دەقەکە دەگرێت بۆ ئاشکراکردنی ڕەهەندەکانی دەق، ڕەخنەگرەکە چێژی سەردەمی خۆی بۆ بەکارناهێنێت، بەڵکو دەتوانێت پشت بەو شتانە ببەستێت کە دەقەکە پێمانی دەدات بۆ ئاشکراکردنی ڕەهەندەکانی دەق و تەم و مژییەکانی)) (الطالب، 1993: 82). بۆیە دەبێت ڕەخنەگر ڕەچاوی چێژ و پێوەر و لایەنە جیاوازەکانی تری ئەو سەردەم و ژینگەیە بکات کە دەقەکە تێیدا سەریهەڵداوە. ئەمەش بەمانای بایەخدان بە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و کولتوری سەردەم و کاریگەرییە جیاوازەکانی ژینگەی دەقە ئەدەبییەکە دێت. کەوایە سەردەم و ژینگەی سەرهەڵدانی هەر دەقێکی ئەدەبی بۆ توێژینەوە لەو


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

دەقە گرنگە و ناکرێت ئەمە فەرامۆش بکرێت و بەچاوی سەردەم و ژینگەیەکی جیاوازتر لە دەقە ئەدەبییەکە بڕوانین، چونکە هەر سەردەم و ژینگەیەک جۆرێک لە تایبەتمەندی بە دەقی ئەدەبی دەدات و کاریگەرییەکانی خۆی دەخزێنێتە نێو دەقەکەوە و بەمەش بۆ تێگەیشتن و دروست بڕیاردان لەسەر دەقەکە پێویستمان بەو زانیارییانە دەبێت کە ڕۆڵیان لە بونیادنانی دەقەکە هەبووە (قادر، 2017: 164).

میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی گرنگیەکی زۆر بە بارودۆخ و ڕووداو و بەسەرهاتە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەدات، زۆرجار لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ڕووداوانەوە لە ئەدەب دەکۆڵێتەوە و ڕاڤەی دەکات ((میتۆدی مێژوویی ڕووداوە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەکات بە هۆکار و وەسیلەیەک بۆ ڕاڤەکردنی ئەدەب و دیاردە و تایبەتمەندییەکانی)) (عتیق، 1972: 288). ڕەخنەگر دەقەکە بە بارودۆخی سەرهەڵدانی دەقەکە بۆنەی نووسینی دەقەکە و ئەو ڕووداوە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی بوونەتە هۆی داهێنانی دەقەکە پەیوەست دەکات. دەکرێت بە گەڕانەوە بۆ ئەو ڕووداوە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییانە زۆر نهێنی و واتای شاراوەی دەقەکە و بۆنەی وتنی دەقەکەمان بۆ ئاشکرا بێت و زۆر نهێنی ژیانی ئەدیبەکەشمان بۆ ڕوون بێتەوە، یان بەهۆی دەقەکەوە زۆر زانیاری لەسەر ڕووداوە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوەیەک بزانرێت و لەم دۆخەدا دەق وەک بەڵگەنامەیەکی مێژوویی سەودای لەگەڵدا دەکرێت (قادر، ٢٠١٧، ١٦٤-١٦٥). لێرەوە ڕەخنەگر ئەوەندەی خەریکی دەرەوەی دەق دەبێت، ئەوەندە گرنگی بە ناوەوە و قوڵاییەکانی دەق و ئیستاتیکای زمان و واتا شاراوەکانی ئەودیوی زمان و ئەودیوی دەق نادات و ئەمانە فەرامۆش دەکات، چونکە ((دەبێت لە بارودۆخ و هۆکارەکانی ئەو دەقە لە واقیعی مێژووی گشتی ئەو ماوەیەی کە دەقەکەی تێدا نووسراوە بکۆڵێتەوە، هەروەها لەو بارودۆخ و هۆکارە تایبەتییانەی دەورەی نووسەرەکەیان داوە بکۆڵێتەوە)) (عتیق، 1972: 291)، کەوایە ڕەخنەگری


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

مێژوویی لەم میتۆدەدا ئامانجی زیاتر گەڕانەوەیە بۆ ئەو هۆکارە دەرەکییانەی لە دەرەوەی دەقەوە ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن لە بونیادنانی دەقی ئەدەبیدا، جگە لەمەش ئەو واقیع و بارودۆخ و سەردەم و هۆکارانەی دەوری نووسەریان داوە بنەمای ڕەخنەیی گرنگن بۆ زیاتر قوڵبوونەوە و لێووردبوونەوەی ڕەخنەگر لە دەقەکە و خوودیی نووسەرەکەش، چونکە هەموو ئەمانە لە کردەی داهێناندا پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە و ناکرێت لە ڕۆڵ و گرنگی هیچیان کەم بکرێتەوە.

## 2-1: بنەما ڕەخنەییەکانی میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی:

دەکرێت بنەما گشتییە ڕەخنەییەکانی میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:

- یەکێک لەو بنەما و لایەنانەی کە ئەم میتۆدە گرنگی پێدەدات، بریتییە لە ژیانی دەقنووس، بناغەدانەری ئەمە (سانت بۆڤ)ە، کە ((بڕیارەکانی لە پرۆسەی ڕەخنەگرتندا بریتی بوو لە بڕیاردان لەسەر کەسێتی نووسەرەکان)) (هلال، 1977: 48). (بۆڤ) بایەخی بە توێژینەوە لە کەسێتی دەقنووس و هەموو زانیارییەک لەسەر ژیانی دەقنووس دا و ئەمەی کردە هۆکار و بنەمایەک بۆ ڕاڤەکردن و تێگەیشتن لە بەرهەمەکانی دەقنووس (قادر، 2011، 75).
- میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی بایەخ بە (ناوەرۆک)ی دەقی ئەدەبی دەدات و لە ڕاڤەکردنی دەقدا پشت بەم ناوەرۆکە دەبەستێت (قصاب، 2007: ٢٨)، بۆیە ڕەخنەیەکی ناوەرۆکییە و لە ڕێی سەرچاوەی جیاوازی وەک (ژیانی دەقنووس، ڕووداو و باردۆخی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی، سەردەم و ژینگەی سەرهەڵدانی دەقە ئەدەبییەکە، کاریگەری ڕەچەڵەک و نەژادی دەقنووس لەسەر دەقەکە، بۆنەی نووسینی دەق) ئەم ناورۆکە ڕاڤەدەکات.
- لەم میتۆدەدا، دەق وەک بەڵگەنامەیەکی گرنگ سەیردەکرێت کە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە مێژوو و کۆمەڵگا و پڕە لە زانیاری و ئەزموون و ڕووداوە

جۆراوجۆرەکان (قصاب، ٢٠٠٧: ٢٧). زۆرجار ڕەخنەگر ڕووداوە مێژوویی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرێت و وەکو هۆکارێک بۆ ڕاڤەکردن تێگەیشتن لە ئەدەب بەکاریاندێنێت.

- میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی (بە کاریگەری بۆچوونەکانی (تین))؛ دەقی ئەدەبی ملکەچی هەرسێ هۆکاری (نەژاد، سەردەم، ژینگە) دەکات و لە ڕوانگەی ئەمانەوە دەق ڕاڤەدەکات.

**١-٣: میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی (هیپۆلیت ئەدۆڵف تین) لە توێژینەوەی دەقی ئەدەبیدا:**

**1-3-1: پاشخانی فەلسەفی و مەعریفی میتۆدە ڕەخنەییەکەی (هیپۆلیت ئەدۆڵف تین):**

یەکێک لە بناغە دارێژەرانی میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی (هیبۆلیت تین)ە. ئەو یەکێکە لەو ڕەخنەگرانەی هەوڵێکی زۆری داوە تا بناغەیەکی زانستی بۆ ڕەخنەی ئەدەبی دابڕێژێت. هەر لە سەرەتاوە هەوڵی ڕەنگڕێژکردنی ئەم بناغەیەی دا و بۆ ئەمەش سودی لە چەند سەرچاوەیەکی دەرەوەی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی وەرگرتووە. هەر لە سەرەتاوە (تین) لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی (هیگڵ) دابوو، بەتایبەتیش چەمکی مێژوویی جوانیناسیی (هیگڵ)یی و هەروەها پرسی گەڕاندنەوەی بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان بۆ پێگەی خۆیان لە چوارچێوە مێژووییەکانیاندا (الطالب، 1993: 83). بۆیە (تین) لە گەوهەر و بنچینەدا (هیگڵ)ییەکی تەواو بوو، ئەمەش لەبەرئەوەی کاریگەرییەکانی (هیگڵ) بەسەر بۆچوونەکانییەوە دیاربوو (Wellek, ?: 36). کەچی لە مەسەلەی چەمکی مێژوو و گەڕاندنەوەی دەقی ئەدەبی بۆ چوارچێوە مێژوویی و زەمەنی و ژینگەییەکەی لەگەڵیدا جیاوازبوو. سەرچاوەیەکی تری بناغەدانانی میتۆدە ڕەخنەییەکەی خۆی بریتیبوو لە سوودوەرگرتنی لە زانستە جیاوازەکانی وەک زیندەوەرزانی و زانستی سروشتی،

بۆیە لەمیانی هەوڵەکانیدا بانگەشەی بۆ بەکارهێنانی میتۆدەکانی مێژووی سروشتی و ئەو ئەنجامەی کە زاناکانی بواری توێژینەوە لە سروشت و زیندەوەرزانیدا پێیگەیشتوون و بڕیاریان لەسەر داوە سەبارەت بە کاریگەرییەکانی (ڕەگەز و کات و شوێن) لەسەر مرۆڤ و گیانەوەر دەکرد، (تین) پێیوابوو کە ئەم سێ هۆکار و یاسا سروشتییە هەمان ئەو هۆکار و یاسایانەن کە کار لە دەقنووس و ئایدیۆلۆژیا و تێڕوانینەکانی دەکەن، لە هەمان کاتیشدا کاریگەرییان لەسەر داهێنانی ئەدەبی و هونەریدا هەیە (خلیف، 1997: 25). یەکێکی تر، لەو سەرچاوانەی (تین) بناغەی میتۆدە ڕەخنەییەکەی خۆی لەسەر ڕەنگرێژکردووە بریتی بووە لە کاریگەربوونی بە فەلسفەی (پۆزیتیڤیزم Positivism) و فەلسەفەی (ئەزموونگەرایی Empiricism)، کە پوختەی مەسەلەکانی ئەوەیە کە مەعریفەی بەرهەمدار بریتییە لە مەعریفەی ڕاستییەکان بە تەنیا، بۆیە ئەوە زانستە ئەزموونگەرییەکانن کە زانیاری دڵنیاکەرەوەمان پێدەدەن، هەروەها بیری مرۆڤ ناتوانێت خۆی لە هەڵە بپارێزێت تەنیا بە پەرۆشی و بەردەوامی بۆ ئەزموون و بە وازهێنان لە هەموو بیرۆکە خودییە پێشوەختەکانییەوە نەبێت، هەروەها شتەکان لە خودی خۆیاندا ناتوانرێت هەستیان پێبکرێت، چونکە بیرکردنەوە ناتوانێت درک بە هیچ شتێک بکات پەیوەندییەکان و ئەو یاسایانەش کە پەیوەندییەکان ملکەچیان دەبن (هلال، 1977: ٣١٢). هەروەها کاریگەربوونی (تین) بە فەلسەفەی زانستە زیندەوەرناسییەکانیش ڕۆڵێکی سەرەکی لە بونیادنانی بۆچوونە ڕەخنەییەکانیدا هەبووە (قەطوس، ٢٧،٢٠١١). ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە (تین) بە چەندین سەرچاوەی فەلسەفی و مەعریفی و زانستییەوە کاریگەر بووە و میتۆدە ڕەخنەییەکەی خۆی لەسەر بونیادناوە.

### 1-3-2: پەیوەستکردنی دەقی ئەدەبی بە (نەژاد و سەردەم و ژینگە):

(تین) له پێشەکی کتێبە بەناوبانگەکەیدا بەناوی (مێژووی ئەدەبی ئینگلیزیی)، ئەدەب و سەرهەڵدان و گۆڕانی ئەدەب بۆ سێ ڕەگەزی سروشتی دەگەڕێنێتەوە و پێیوایە دەقنووس و بەرهەمە ئەدەبییەکانی پەیوەستن بەم سێ ڕەگەزەوە، بۆیە هەوڵیداوە، کاریگەرییەکانی ئەم سێ ڕەگەزە بەسەر دەقنووس و ئەدیب و نووسەرانی ئینگلیزییدا پراکتیک بکات، بۆیە سێ ڕەگەزی بۆ تیۆرەکەی خۆی دەستنیشانکرد، کە بریتین لە ( نەژاد و سەردەم و ژینگە). ئەو کاریگەری ئەم سێ ڕەگەزەی بۆ ڕۆڵی چالاکانەیان لە داهێنانی بەرهەمی ئەدەبیدا گەڕاندەوە (نشأت، 1976: 165). ئەم سێ ڕەگەزە ڕۆڵی سەرەکییان لە پێکهێنانی ئایدیۆلۆژیا و تێڕوانین و عەقڵیەتی ئەدیب و نووسەر و داهێنانی بەرهەمە ئەدەبییەکانیاندا هەیە، هەر بە هۆی کاریگەری ئەم سێ ڕەگەزەشەوەیە کە زۆربەی ئەدیب و نووسەران جیاوازیان لە شێواز و بیرکردنەوە و چۆنێتی تێڕامان و فەلسەفە و وێناکردنەکانیان بۆ بوون و ژیان و ڕاستی و سروشت و مرۆڤ و هەموو شتێکەوە هەیە. جگە لەمانەش ئەم سێ ڕەگەزە هۆکار و بنەمای زۆر بە نرخن لە مەسەلەی توێژینەوەی دەقی ئەدەبی و نووسەرەکانیان، چونکە لە ڕێگەی ئەم سێ ڕەگەزەوە زۆر نهێنی کە لە پشتی دەقەکانەوە حەشاردراون و خوێنەر لێیان بێئاگایە، ڕووندەکاتەوە. بۆیە وەک پێوەری ڕەخنەییش بۆ ڕاڤەکردنی دەقی ئەدەبی سوودی لێ وەردەگیرێت. لە خوارەوەدا هەرسێ ڕەگەزەکەی (تین) ڕووندەکەینەوە:

### 1-3-2-1: نەژاد (ڕەچەڵەک) Race:

نەژاد زاراوەیەکە بۆ دیاریکردن و پۆلینکردنی مرۆڤەکان بۆ کۆمەڵ و گروپە نەژادییەکان جیاوازەکان بەکاردەهێنرێت کە لە کۆمەڵێک سیفەت و خەسڵەت و تایبەتمەندی جەستەیی و بایۆلۆژی و فیزیۆلۆژی و نەریتی و ئاکاری و چەندین تایبەتمەندی تر پێکهاتووە، کە کۆمەڵێک مرۆڤی ئیتنیکی تێیدا هاوبەشن و بەهۆیانەوە لە کۆمەڵێک مرۆڤی تر جیادەکرێنەوە. بۆیە نەژاد ((ئەو تایبەتمەندییە بۆماوەییە

زگماکییانەن کە تاکەکانی نەتەوەیەک تێیدا هاوبەشن، کە لە نەژادێکی دیاریکراوەوە هاتوون)) (وغلیسی، ٢٠٠٧: ١٦). واتە، نەژاد ئاماژەیە بۆ ئەو کۆمەڵە سیفەت و تایبەتمەندی و مەیلە بۆماوەیی و زگماکیانەی کە کۆمەڵێک کەس تێیدا هاوبەشن کە لە یەک ڕەچەڵەکەوە هاتوون و لە گروپ و کۆمەڵە کەسێکی تریان جیادەکەنەوە کە ڕەچەڵەک و نەژادیان جیاوازە وەک لە ئەوان. ئەم سیفەت و تایبەتمەندی و مەیلانە پەیوەستن بە جیاوازییە دیارەکانی میزاج و پێکهاتەی ئۆرگانیکی تاکەوە (هلال، 1977: ٥٦). ئەم سیفەت و تایبەتمەندییانەی کە نەژادی مرۆڤەکان دیاریدەکەن، کە کاریگەری دەخەنە سەر هزر و بیر و سۆز و هەست و نەست و شێواز و دەربڕینی مرۆڤ، هەمان ئەو سیفەت و تایبەتمەندییانەن کە نووسەر و ئەدیبەکان لە نەژدا و نەتەوەکەیانەوە وەریاندەگرن، یان بۆماوەییانە بۆیان دەگوازرێتەوە، لە هەمان کاتدا کاریگەرییان لەسەر داهێنانی ئەدەبیشدا دەبێت؛ واتە ئەو سیما و سیفەت و خەسڵەتە بۆماوەییانە کە هەر دەقنووسێک لە نەتەوەکەی خۆیەوە وەریاندەگرێت و لەنێو بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا ڕەنگدەدەنەوە. بۆیە نەژاد بە یەکێک لەو هۆکارانە دادەنرێت کە جیاوازی فیکری و میزاجی و هەستی دروست دەکات و بە ڕەنگدانەوەشی لەنێو ئەدەبدا جیاوازی تێڕوانین لە ئاستی فۆرم و ناوەڕۆکدا دروست دەکات.

### 1-3-2-2: ژینگە Milieu :

بریتییە لەو ژینگە جوگرافی و سروشتی و کۆمەڵایەتییەی کە مرۆڤی تێدا دەژیت و کاریگەری لەسەر هزر و بیرکردنەوە و عەقڵیەت و هەڵسوکەوتی مرۆڤدا هەیە، هەمان کاریگەریشی لەسەر هزر و بیر و شێواز و دەربڕینی دەقنووس و بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا هەیە ((بەو پێیەی ئەدەب بەرهەمێکی ژینگەییە لە کاتێکی دیاریکراودا، ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستگۆیانەی واقیعی نووسەر و کۆمەڵگاکەیەتی، و نوێنەرایەتی قۆناغێکی ژیانی نووسەرێک دەکات لە ژینگەیەکی دیاریکراودا)) (نشأت، 1976: ١٦٣). بۆیە ژینگەی دەقنووس بە هەموو ڕووکارە ژیانی و ژیاری و

شارستانی و دیاردە سروشتی و ناسروشتییەکانییەوە کاریگەری بەردەوامی لەسەر دەقنووسدا هەیە، بۆیە ژینگە ((ئەو ناوچەیەیە کە نووسەران تێیدا دەژین، و تێیدا جێگیر دەبن و نیشتەجێ دەبن، ژیانی هەستی و مەعنەوی ئەو نووسەرە کاریگەر دەبێت بە سروشتی ئەو ناوچانە و تایبەتمەندییەکانیان، بۆیە ئەگەر ئەدەب گوزارشت لە ژیانی ئەو ناوچانە بکات، ئەوا هەر لەنێو ئەم ئەدەبەدا سروشت و بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەو ناوچانە و کاریگەرییەکانیان لەسەر ناخی نووسەردا دەردەکەوێت)) (الشايب، 1973: ٨٤)، لێرەوە ئەدەبی نەتەوەکان و تەنانەت ئەدەبی دەقنووس و ئەدیب و نووسەرانیش دەگۆڕێن بەپێی جیاوازی ژینگەی ژیانیان، چونکە ژینگە بە هەموو دیاردەکانی نێویەوە وەک کەش و هەوا و دیمەن و ڕووداو و دیاردەی سروشتی و ژیان و ژیار و شارستانیەت و .... هتد کاریگەرییان بەسەر داهێنانی ئەدەبییەوە هەیە.

### 1-3-2-3: سەردەم Moment:

مەبەست لەم ڕەگەزە بریتییە لەو بارودۆخە سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کولتوری و ئایینی و هونەرییەی کە ڕۆڵێکی سەرەکی لە پێکهێنانی دەقی ئەدەبیدا هەیە، بۆیە ((بۆ دوو فاکتەری پێشوو کە فاکتەری (نەژاد) و (ژینگە)ن فاکتەرێکی لاوەکی زیاد دەکرێت کە (تین) بە پاڵنەرەکانی ئاراستەکردنی یان ڕێنماییکردنی ئەدەب لە میراتی ڕابردووی خۆیەوە ناوی دەبات، یان ئەو بزاوتنەی کە لە کولتوری گەل لە مێژووی خۆیدا بەدەستی هێناوە، یان بریتییە لە کاریگەری ڕابردوو لەسەر ئێستا و پشتیوانیکردنی ئێستا)) (هلال، 1977:٥٩). بۆیە سەردەم ئەنجامی کارلێکی هێزە ناوخۆییەکانە (کە نەژاد گوزارشتیان لێدەکات) لەگەڵ هێزە دەرەکییەکان (کە ژینگە نوێنەرایەتیان دەکات)، ئەم دوو هۆکارە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێن بۆ بەرهەمهێنانی ئەدەبی و هونەری و فیکریی، کە ئەمانە بەرهەمێکن بە بەردەوامی کەڵەکە دەبن و مرۆڤ سوود لەم کەڵەکەبوونەیان وەردەگرێت بۆ


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

داڕشتنی شتێکی بەنرختر و بەرزتر کە بوونی هەیە (الطالب، 1993: ٨٧). دەشێ بڵێین، سەردەم بەو تەوژمە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییانەش دەوترێت کە بە پێی سەردەمە جیاوازەکان ڕۆڵێکی کاریگەریان لەسەر داهێنانی دەقی ئەدەبی هەر سەردەمێکدا هەیە و مۆرک و سروشتی ئەو سەردەمە بەو ئەدەبە دەبەخشن، بەمەش زۆرجار خوێنەر لە ڕێی بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە شارەزای بارودۆخ و گۆڕانکاری سەردەمە جیاوازەکان دەبێت.

## 2: ڕۆمانی (جەنگ)ی (سەلاح عومەر) لەژێر ڕۆشنایی میتۆدە ڕەخنەیییەکەی (هیپۆلیت تین):

### ٢-١: کاریگەری نەژاد (ڕەگەز) و ڕەنگدانەوە لە ڕۆمانەکەدا:

نەژاد یان ڕەگەز یەکێکە لەو ڕەگەز و هۆکارە سروشتییانەی (تێن) بایەخێکی زۆری پێداوە و پێیوایە کە داهێنانی ئەدەبی دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو کۆمەڵە سیما و خەسڵەت و سیفەتە دەروونی و فسیۆلۆژی و ئیتنیکیی و ئەنترۆپۆلۆژی و ئایدیۆلۆژییە خۆڕسک و بۆماوەییانەی کە کۆمەڵێک مرۆڤی سەر بە یەک ئیتنیک و نەژادی دیاریکراو هەیانە و لە پێشینانییانەوە بۆیان گواستراوەتەوە. (تێن) باوەڕی وایە کە ئەم سیما و خەسڵەتانە کاریگەرییان لەسەر کردەی داهێنانی ئەدەبیدا هەیە، چونکە هەموو دەقنوسێک ئەم سیما و خەسڵەتانە لە نەتەوەکەیەوە وەردەگرێت و لەنێو بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا ڕەنگدەدەنەوە.

یەکێک لەو سیفەتە بۆماوەییانەی کە تاکی کورد لە دێرزەمانەوە نەوە دوای نەوە لە پێشینانی خۆیەوە بۆی گواستراوەتەوە بریتییە لەو سیفەت و سیمایانەی نەتەوە و ئیتنیکیی نەتەوەی کوردیان هەڵگرتووە و کوردی پێدەناسرێتەوە لەنێو نەتەوەکانی تر بەگشتی و نەتەوە دراوسێکانی کورد بەتایبەتی، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم نەتەوەیە بەردەوام لەژێر هەڕەشەی داگیرکاری و زوڵم و ستەم و لەناوچوون و ڕەشکردنەوەی نەژاد و ڕەچەڵەک و بوونی دابووە و بەردەوام هەڕەشەی


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

لەناوبردنی نەژاد و ڕەچەڵەکی لەسەر بووە بۆیە بەردەوام پرسیاری شوناس و ناسنامە و نەتەوە لە مێشکی تاکی کورددا ئامادەیی هەبووە، ئەمەش لە باوباپیرانەوە بۆ نەوەکانی ئێستا گواستراوەتەوە. بە کاریگەری ئەمەش دەبینین زۆرجار پەلی بۆ نەتەوەخوازییەکی توند و تیژ و دەمارگیرانە هاویشتووە، بۆیە لە زەین و عەقڵی هەر تاکێکی کورددا، بە کاریگەری ئەم هەموو زوڵم و ستەمەی بە درێژایی مێژوو لێی کراوە، خەسڵەتی ئیتنیکیی و نەژادی نەتەوەیی کورد و خەسڵەتی نەتەوەیی زاڵە. ئەمە بەشێوەیەکی فراوان پەڕیوەتەوە نێو ئەدەبی کۆن و نوێ و هاوچەرخی کوردییەوە. هەمان ئەم دەرەنجامە لە ڕۆمانی (جەنگ)ی (سەلاح عومەر)دا هەستی پێدەکرێت، بە جۆرێک کە دەقنووس کاریگەری هەمان خەسڵەت و سیفەتی بەسەرەوەیە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ڕۆمانەکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی خەسڵەتی ئیتنیکیی و نەتەوەیی کورد و تۆمەتبارکردنی (ئەو)ی دوژمنی پێوە دیاربێت. بەتایبەت کاتێک خوێنەر بۆی دەردەکەوێت کە ڕۆمانەکە بریتییە لە پرۆسەی گەڕان بەدوای شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی و ئیتنیکی، کە لەلایەن (ئەو)ی نەتەوەی دراوسێ و سەردەست و دوژمن (لە ڕوانگەی تاکی کورد)ەوە شێوێنراوە و ونکراوە، بۆئەوەی شوناس و ناسنامەی نەتەوایەتی نەتەوەیەک بسڕێتەوە.

کاریگەری نەژاد و ڕەگەز و گەڕان بەدوای ئەم نەژاد و ڕەگەزە قەدەغەکراو و سڕدراوەدا هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە بەسەر ڕۆماننوسدا دیارە و ڕۆماننوس دەیەوێت لە ڕێی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەوەکەوە پرسیار لە شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی و ئیتنیکیی کورد بکات و ژیانی کارەکتەری سەرەکی دەکات بە ئاماژە و هێمایەک بۆ ئەم پرۆسەی گەڕانە و دەڵێت: ((بەرلەوەی دایکم دەرگا و پەنجەرە داخراوەکانی دڵی بەڕووی جیهاندا بکاتەوە و نهێنی ئاوارەبوونی خۆی و تەلیسمی شمشاڵ و نووسینی سەر ئەو کاغەزەی لەناو گۆڕەکەی باوکم جێمابوون

بدرکێنێ. من خۆم بەدەیان جار ئەو پرسیارانەم ڕووبەڕووی خۆم و ئەو کردبۆوە: من کێم؟ باوکم کێیە؟ ئێمە خەڵکی کام وڵاتین، دایکم لە کوێ هاتۆتە ئێرە؟ بۆ لە زێدی باووباپیرانی پەراگەندە بووە؟ و ............ )) (عومەر، 2003: ٥). ئەم جۆرە پرسیارانە لە زەین و ناخی هەموو تاکێکی کورددا ئامادەیی هەیە و هی نەوەکانی ئێستا نین، بەڵکو پرسیاری لەمێژینەی نەوە پێشینەکانی کوردە، ئەم پرسیارانە تایبەت نین بە ژیانی تاکێکی کورد بەڵکو تایبەتن بە هەموو نەتەوەی کورد، بەڵام لێرەدا لە شێوازێکی ڕەمزئامێزی ناڕاستەوخۆدا ئەم پرسیارانە تایبەت کراون بە ژیانی کارەکتەرێکەوە. ئەم پرسیارانە ئەو کاتانە سەرهەڵدەدەن کە مرۆڤ ڕووبەڕووی جۆرێک لە زوڵم و ستەم و پەراوێزخستن و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی شوناس و ناسنامەی ببێتەوە. بۆیە وەک پەرچەکردارێک ئەم پرسیارانەی لا دروست دەبێت و هەوڵی گەڕان بەدوای هۆکار و ئەنجام و وەڵامەکانیان دەگەڕێت. نەتەوەی کورد خۆڕسکانە و بۆماوەییانە ئەم پرسیارانەی لا دروست بووە و بەردەوامیش بەدوای وەڵامەکانیاندا دەگەڕێت، تەنانە ئەم پرسیارانە ئاراستەی (ئەو)انی تریش دەکەت، ئەمەش بۆ سەلماندن و نرخپێدان و پاراستنی بوونی خۆی وەک ئێتنیکی و نەتەوەیەکی جیاواز لەوانی دیکە. بۆیە دەبینین کاریگەری ئەم خەسڵەتە بۆماوەییانە گواستراوەتەوە بۆ چین و نەوەکانی ئێستا و بەردەوام تاکی کورد هەوڵیداوە لە شێوەی پرسیاری هاوشێوەی ئەمانەی سەرەوە، وەک: (ئەسڵی ئێمە وەک کورد لە کوێوە هاتووە؟ من خەڵکی کوردستانم یان خەڵکی وڵاتێکی ترم؟ ئەرێ دەزانی کورد چیە؟ هیچ نەتەوەیەک دەناسی بەناوی کورد؟ ئێمە هەر لەسەر ئەو خاکە بووین؟) لە خۆی و لە (ئەوان)ی دیکە بکات. ئەمەش بۆئەوەی بە ئەوانی دیکە بڵێت ئێمەش هەین و لە ڕووی زمان و ئێتنیکی و نەتەوە و کولتور و ئەنترۆپۆلۆژیەوە لە ئێوە جیاوازین. هەرچەندە ئێوە هەوڵی بزرکردن و سڕینەوەی شوناس و شوێن و کەسێتی و پێگەمان دەدەن، بەڵام بزانن کە هەین و بەردەوامیش دەبین. بۆیە ئەگەر


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

کورد وەکو نەتەوە لەلایەن ئەوانی دیکەوە هەوڵی سڕینەوەی درابێت ئەوا بەردەوام لە زەین و بیری خۆیدا بەدرێژایی مێژوو ئەم پرسیارانە و وەڵامی ئەم پرسیارانەی ئامادەکردووە و نەوە دوای نەوە ئەم پرسیارە ئیتنیکییانەی پاراستووە، وەک ڕۆماننوس ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت: ((ئەمانە کۆمەڵێک پرسیار بوون و بەردەوام بیرم لێیان دەکردەوە و بەردەوام وەک گێژاوێکی هاروهاج لەناو خۆیاندا لوولیان دەدام)) (عومەر، 2003: ٦). ئەمە کۆمەڵێک پرسیاری نەژادیی ئیتنیکی تاکێکی دیاریکراو نیە، بەڵکو ئەمە پرسیاری هەموو کوردێکە کە ستەمی لێکراوە و لە زێد و شوێنی خۆی دەرکراوە و ناسنامەی نەتەوەیی لێسەنراوەتەوە.

ڕۆمانی (جەنگ) بەردەوام بەم پرسیارانە و پرسیاری لەم جۆرە کۆمەڵێک پرس و بابەت دەوروژێنێت و پاشان وردە وردە وەڵامەکانیش دەداتەوە، بۆ نموونە بەشێکی ئەو پرسیارانەی لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە کارەکتەری سەرەکی لەخۆی و دایکی کردووە، لە کۆتاییەکانی ڕۆمانەکەدا وەڵام دەدرێنەوەن بەتایبەت ئەوانەی پێوەندییان بە ئیتنیکی کارەکتەر و زێد و شوێنی باوباپیرانی و چارەنووسی باوک و براکەیەوە هەیە، کە بۆ خۆی ئەم وەلامانەش جۆرێکن لەو پەیامانەی بەردەوام تاکی کورد هەوڵی داوە سەبارەت بە شوناس و ناسنامە و نەژاد و شوێنی بنچینەیی خۆی بە ئەوانی دیکەی بگەیەنێت، لەمبارەیەوە ڕۆماننووس دەڵێت: ((ئەگەرچی زمانی خەڵکی ئێرە نازانم، بەڵام بە ئیشارەت تێیان دەگەیەنم کە چیم دەوێ و لەچی دەگەڕێم، پێیان دەڵێم باوکم خەڵکی گوندێکی دەوروبەری ئەم شارە بووە و هەر لەوێش لەدایکبووە، دایکیشم هەروا، بەڵام بارودۆخی ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی لێرەی نەهێشتوون، دایکم لەبەر بێ کەسی، لە ترسان، لە برسان ئاودیو سنوور بووە و لە شاری هەولێر گیرساوەتەوە، گوندی (س) زێدی باووباپیرانمە و ...... هتد)) (عومەر، ٢٠٠٣: ٩٦-٩٧). ئەمە وەڵامی بەشێک لەو پرسیارانەیە کە کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە لەمیانی گەڕان و سوڕانی بەدوای شوناسی نەژادی خۆی و


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

خێزانەکەی و چارەنووسی بەشێک لە ئەندامانی خێزانەکەی دەستیکەوتوون. سەرلەبەری ڕۆمانەکە لەسەر بنچینەی کۆمەڵێک پرسیاری کارتێکراو بە تام و بۆی ئیتنیکی و نەژادی و نەتەوەیی دامەزراوە. بۆیە کاتێک دەڵێت باوکم و دایکم و خیزانەکەم خەڵکی ئێرەن، ئەوا مەبەستییەتی بڵێت نەژاد و ڕەچەڵەکی کورد وەک نەتەوە و هەر لەم خاکەوە دامەزراوە و مێژوویکی زۆر کۆنی هەیە و هیچ نەژاد و ڕەچەڵەکێکی تر ناتوانێت نە شوناسی کورد نە ئەو خاک و ژینگەیەی ئەم نەژادە دێرینەی لەسەر دەژیت بسڕێتەوە.

کاریگەری ئەم جۆرە تێڕوانینە ئیتنیکییە نەتەوەییە تەنانەت شۆڕبۆتەوە بۆ نێو بیر و ئایدیۆلۆژیا و تێڕوانینی ڕۆماننوسیش کاتێک وێنای (ئەو)ی دوژمن دەکات، واتە ئەوی (تورک) یان ئەوی (عوسمانلی)، ئەوێک کە لە ڕووی نەژا و ڕەچەڵەکەوە تەواو لە نەژادی کوردی جیاوازە و تەنانەت بەو خاک و ژینگەیەش نامۆیە، کە ئەمەش دیسانەوە پێوەندی بە بیر و تێڕوانینی کوردەوە هەیە لە کۆنەوە تا ئێستا، کە هەمیشە تورک زوڵم و ستەمی لە کورد کردووە و هەوڵی سڕینەوەی شوناس و نەژادی کوردی لەسەر خاکی کوردستان داوە، بۆیە هەمیشە تێڕوانینی کورد بەرامبەر تورک نەرێنی بووە و ئەم تێڕوانینە لە پێشینانی کوردەوە بۆ نەوەکانی ئەمڕۆش گواستراوەتەوە، ئەوەتا تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەم خەسڵەتە بەردەوامی هەیە، کە پێوەندی بە سروشتی تێڕوانینی هەریەکە لە نەتەوەی تورک و کوردەوە هەیە بەرامبەر یەکتر کە لە پێشینە کۆنەکانەوە بۆ ئێمەمانان ماوەتەوە. ڕۆماننوس لە چەند شوێنێکی ڕۆمانەکەیدا ئاماژە بەم تێڕوانینەی وەک تاکێکی کورد بەرامبەر ئەوی تورک دەکات، بۆ نموونە کاتێک وەسفی دیمەنەکانی گرتنی (عەلی) براگەورەی کارکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە دەکات دەڵێت: ((ئەوانەی عەلییان بەدەست و پێی کەلەپچە کراوەوە ڕاپێچا و بردیان، مرۆڤ نەبوون، گورگ و دڕندە بوون، نازانم لەکوێ هاتن و لە چ کونێک لێمان پەیدا بوون، ئەو سەگباوکانەی کەس نازانێ


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

ڕەچەڵەکیان هی کوێیە و کوڕی کێن، خەڵکی کام وڵاتن؟ تەتەر و مەغۆلن یا لە بنەچەی دێو و درنجن)) (عومەر، ٢٠٠٣: ١٤). لێرەدا نەژادی ئەوی تورک بۆ نەژادی باووباپیرە بنەڕەتییەکانیان دەگەڕێنیتەوە کە تەتەر و مەغۆلەکانن و لەوپەڕی زەوییە وشک و بیابانەکانی ناوەڕاستی ئاسیاوە بەزەبری شمشێر و کوشتن و بڕینێکی بێ بەزەییانەوە هاتنە خاکی ئەنادۆڵ و ناوچە کوردستانییەکان و داگیریان کردن و کردنیانن بە زەوی و خاکی خۆیان. هەر لە وەسفی ئەو جەندرمانەی (عەلی)یان بە بریندارى گرت و بردیان ڕۆماننوس لەسەر زاری دایکی (عەلی)یەوە دەڵێت: ((دەمەوێ بزانم ئەو دوا بڕاوانەی گرتنیان بۆ کوێیان برد، ئاوارەی کام وڵات و ناوچەیان کرد)) (عومەر، ٢٠٠٣: ١٣-١٤). لە هەمان کاتدا ئاماژە بە ترسنۆکی نامەردی ئەم نەتەوە نەژاد جیاوازەی تورک دەکات؛ کە پیاوی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ نین و تەنیا کەڵک لە دەرفەتەکان وەردەگرن و ترسنۆکانە لەژێرەوە ئامانجی خۆیان دەپێکن، بۆیە لەبارەی شەڕەکەی (عەلی) کە بەتەنیا بووە بەرامبەر ئەو جەندرمە تورکانەدا دەڵێت: ((هەفتەیەک لێیان یاخی بوو، هەفتەیەک بەتاقی تەنیا تەنیا سەنگەری لێ گرتن و لە شەڕیکی بێ وێنەدا بەرگری کرد و یەک دووانێکی لێ بریندار کردن. کە فیشەکیشی پێ نەما ئەوان فورسەتیان لێ بینی، هەڵیان کوتایە ناو سەنگەرەکە و هەر چۆنێ بوو دەست و قاچیان شەتەک دا، نامەردانەش لەگەڵی جووڵانەوە و گرتیان)) (عومەر، ٢٠٠٣: ١٤-١٥). ئەمە وەسفی سوپاییێکە کە سوپای تورک بوون و لە نەتەوە و نەژادێکی تر بوون، ئەمانە هەر لە باوباپیرانیانەوە سیما و خەسڵەتەکانی ڕق و کینە و توند و تیژی بەرامبەر نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تر و بەباشترزانینی نەژاد و ڕەچەڵەکی خۆیان بەرامبەر نەژاد و ڕەچەڵەکی نەتەوەی تر نەوە لەدوای نەوە بۆ ماوەتەوە، بۆیە ئاساییە کە ئەم جۆرە تێڕوانین و ڕەفتارەیان بەرامبەر کورد هەبێت و لە بەرامبەریشدا ئاساییە کە کورد تێڕوانینی بەرامبەر نەتەوەیەکی تری بە ئیتنیک و ڕەچەڵەک و نەژاد جیاواز لە خۆی کە زوڵم

و ستەمێکی زۆری لێکردووە و خاکی داگیرکردووە بەم شێوەیە نامۆبێت، ئەم تێڕوانینە بۆ پێش ڕۆماننوس و بۆ سەدان ساڵ پێش نووسینی ڕۆمانەکە دەگەڕێتەوە، ئەم جۆرە تێڕوانینە نەرێنییانە لەبارەی نەتەوەیەکی تری بە نەژاد و ئیتنیک جیاواز لەگەڵ کورد بووە بە بەشێک لەو خەسڵەتە بۆماوەییانەی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ بەرامبەر نەتەوەی تورک هەیبووە. ئەم جۆرە تێڕوانینە لەبەر ڕۆشنایی کاریگەربوون بە نەژاد و ڕەچەڵەکی نەتەوەیی و بەرگریکردن لەم نەژادە کوردەوارییە ڕەسەنەدا ڕۆماننوس لە چەندین شوێن هێرش دەکاتە سەر جەندرمە تورک نەژادەکان، بەتایبەتیش وەک لە پێشتر ئاماژەمان پێدا لە وەسفی ئازایەتی و بەرەنگارییەکانی (عەلی)ی برای کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەدا بەڕوونی دەردەکەوێت، کە دەشێت ئەم بەرەنگارییەی (عەلی) لە دژی جەندرمەکان، ڕەمز و ئاماژەیەکیش بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی سیاسەت و هەوڵی تورکە نەژاد پەرستەکان بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کورد لە باکوری کوردستاندا، وەک ئەوەی (عەلی) ئاماژەبێت بۆ نەتەوەیەک کە لە کۆنەوە بەرەنگاری ئەم سیاسەتە ترسناکە دەبێتەوە. بۆیە لەم ڕۆمانەدا ململانێ و کێشمەکێشمی نێوان دوو نەتەوەی بە نەژاد و ڕەچەڵەک جیاواز لە سەرەتاوە هەستی پێدەکرێت، لە نێوان نەتەوەی (تورک)ی سەردەمی عوسمانییەکان و نەتەوەی کورددا. ململانێیەکە لەسەر ئاستی سڕینەوەی شوناس و داگیرکردنی خاک و وەدەرنانی خەڵکە ڕەسەنە بنچینەییەکەی ئەو خاکەیە کە هەزاران ساڵە لەسەر ئەم خاکە ژیاوە.

یەکێکی تر لەو سیفەت و خەسڵەتە خۆڕسکانەی (خوای گەورە) بە کوردی بەخشیووە و بۆماوەییانەش لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر لە کۆنەوە گواستراوەتەوە و لە تاکی کورددا ماوەتەوە؛ بریتییە لە ئازایەتی و چاونەترسی و بوێری، کە هەمیشە کوردی پێ ناسراوە لەنێو نەتەوەکانی تری دەوروبەری کورددا. ئەم جۆرە سیما و خەسڵەتەش کاریگەری بەسەر ڕۆماننوسدا هەبووە و لە چەندین

شوێنی ڕۆمانەکەیدا ئاماژەی بەوە داوە کە کورد نەتەوەیەکی ئازا و بە جەرگ و چاونەترس بووە، بەتایبەتیش کاتێک لە جەنگ و بەرگری لەخۆکردندا ڕووبەڕووی دوژمنەکانی بۆتەوە، ڕۆماننوس ئەم خەسڵەتە لە وەسفی ئازایەتی باوکی کارەکتەر و (عەلی) برای کارکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە باس دەکات، بۆ نموونە لەبارەی ئازایەتی (عەلی) و ڕووبەڕووبوونەوەی جەندرمەکانی تورکدا دەڵێت: ((عەلی ئازا و نەبەرد و مەرد بوو و بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نەدا، وەک ئیسماعیل گێڕایەوە، هەفتیەک لێیان یاخی بوو، هەفتەیەک بەتاقی تەنیا سەنگەری لێ گرتن و لە شەڕێکی بێ وێنەدا بەرگری کرد و یەک دووانێکی لێ بریندار کردن)) (عومەر، ٢٠٠٣: ١٤). ڕۆماننوس لە چەندین شوێنی تردا ئاماژە بە ئازایەتی (عەلی) بەرامبەر ئەو جەندرمانەی بەسەر گوندەکەیاندا دادا و هەوڵیاندا گەنج و پیاوی گوندەکە بەزۆر بۆ بەرەکانی جەنگ ببەن، کە (عەلی)ش یەکێک بوو لەو گەنجانە و بەرەنگاریان بووەوە و سەری بۆ خواستەکانی جەندرمە تورکەکان شۆڕ نەکرد تا هێزی شەڕکردنی تێدابوو بەرەنگاریان بووەوە، ئەوەتا ئەوکاتەی کە فیشەکی پێنامێنێت و جەندرمەکان دێنە سەری و دەیگرن و دەست و پای دەبەستنەوە، هێشتا ئازایانە و بێ باکانە ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکات و لێیان ناترسێت، لەمبارەیەوە ڕۆماننوس دەڵێت: ((عەلی لەکاتی هەنگاوناندا سنگی دەرپەڕاند بوو و گۆرانی دەگوت، وەک جەنگاوەرێکی ئازا و سەرکەوتوو دەیڕوانیە چیا سەرکەشەکانی بەرامبەری، بۆ دوور دەیڕوانی و هیچ پایەیێکی بۆ سەربازەکانی دەورووپشتی دانەنابوو ......)) (عومەر، ٢٠٣٣: ١٥). ڕۆماننوس دەیەوێت بڵێت، ئازایەتی سیفەت و خەسڵەتێکە لە دەماری کورددا هاتوچۆ دەکات، تەنانەت لە کاتی ئازار و برینداری و بێ دەسەڵاتی و نەهامەتیشدا کورد دەستبەرداری ئەو خەسڵەت و سیفەتەی نەبووە. هەر بۆ جەختکردنەوەش لەم سیفەتە لەبارەی ئازایەتی باوکی کارەکتەریشەوە لەسەر زاری دایکی کارەکتەرەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ((ئەی بۆ ئازایەتی باوکت ناڵێی، کێ هەبوو بڵێ


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

من باوكتم، باوکت له ئازایەتیدا پیاوێکی کەم وێنە بوو و کەسێ نەبوو وەک ئەو لە شەڕدا ئازایەتی بنوێنێ)) (عومەر، ٢٠٢٣: ٢٦). مەسەلەی ئازایەتی وەک خەسڵەتێک کە لە کۆنەوە کوردی پێ ناسراوە و خەسڵەت و سیفەتێکە مەعنەوییانە لە زەین و بیری کورد و فسیۆلۆژیانە لەکاتی بوونی شەڕدا لە کورددا دەردەکەوێت، لە هەمان کاتیشدا، بۆماوەییانە لە زەینی ڕۆمانووسدا ئامادەیی هەیە و کاریگەریشی بەسەر تێڕوانین و بیرکردنەوەی ڕۆماننوس لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا هەیە، ئەمەش چ لە وسفی ئازایەتی باوک و برای کارەکتەری سەرەکی، چ لە وەسفی (ئەو)ی دوژمندا. ئەوەتا لەڕێی باوکی کارەکتەری سەرەکی و (عەلی) برایەوە ئازایەتی کورد دەخاتەڕوو کە هەرگیز لە ئاست دوژمنەکانیدا نەتەوەیەکی ترسنۆک و بێ دەسەڵات و سەرشۆڕ نەبووە. بۆیە هەر کاتێک جەنگ و شەڕ ڕووبەڕووی ئەم نەتەوەیە بووبێتەوە، ئازایەتی کوردیش ئامادەیی هەبووە، ڕۆماننوسیش ئازایەتی کورد و جەنگی بەیەوەکەوە پەیوەستکردووە، بۆیە هەرکاتێک باسی جەنگ دەکات، ئاماژە بە ئازایەتی کورد دەکات.

## 2-٢: پەیوەستکردنی ڕۆمانەکە بە سەردەم و کاریگەرییەکانی:

(تێن) پێیوایە کە هەر سەردەمێک ئەدەبێکی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەمەش لەبەرئەوەی هەر ئەدەبە و ڕەنگدانەوەی ئەو سەردەمەیە کە تێیدا سەرهەڵدەدات، واتە هەموو گۆرانکارییە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتورییە جیاوازەکانی ئەو سەردەمە کاریگەرییان لە داهێنانی ئەو ئەدەبەدا دەبێت. بۆیە (تین) پێیوایە گەڕاندنەوەی هەر دەقێکی ئەدەبی بۆ سەردەمەکەی خۆی ئەوا کاریگەرییێکی ئەرێنی لەسەر تێگەیشتنی دەقە ئەدەبییەکەدا دەبێت و یارمەتیدەر دەبێت بۆ ڕاڤەکردنی دەقە ئەدەبییەکە و خستنەڕووی نهێنییە شاراوەکانی نێو دەقە ئەدەبییەکە.

ئەگەر لە ڕۆمانی (جەنگ) وردبینەوە و بمانەوێت ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە بگەڕێنینەوە بۆ ئەو سەردەمانەی کە ڕۆمانەکە باسیان دەکات، کارێکی وا ئاسان نیە،

چونكە ڕۆماننوس بە فراوانی و ڕوونی ئاماژەی بەوە نەداوە، بۆیە کاتێک خوێنەر دەگاتە کۆتاییيەکانی ڕۆمانەکە ئینجا بۆی دەردەکەوێت سەرلەبەری ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لە کوێ و لە کەیەوە سەریهەڵداوە. ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە پێوەندییان بە ڕووداوەکانی (جەنگی یەکەمی جیانی)یەوە هەیە، و لەمبارەیەوە ڕۆماننووس لەسەر زاری پاڵەوانەوە دەڵێت: ((پێیان دەڵێم باوکم خەڵکی گوندێکی دەوروبەری ئەم شارە بووە و هەر لەوێش لەدایکبووە، دایکیشم هەروا، بەڵام بارودۆخی ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی لێرەی نەهێشتوون)) (عومەر، ٢٠٠٣: ٩٧)، کە دواتر لێکەوتەکانی ئەم جەنگە کاردانەوەیان بەسەر ژیان و کەسێتییەکانی نێو ئەم ڕۆمانە و پاڵەوانی ڕۆمانەکەشدا هەیە. بۆیە ئەگەر بمانەوێت لە ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە تیبگەین و بمانەوێت لە پەیامی ڕۆماننووس تێبگەین، ئەوا دەبێت ڕۆمانەکە بگەڕێنینەوە بۆ ئەو سەردەمانەی کە بۆ دواتر ڕووداوەکانی نێو ئەم ڕۆمانەی لێوە بەرهەمهاتووە. ئەم ڕۆمانە لە ساڵی (٢٠٠٣)دا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ڕووداوەکانی باسی بارودۆخ و کاریگەرییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و کاریگەرییەکانی دوای جەنگ بەسەر نەتەوەی کورددا دەکات، بەمەش کاتی بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکە و ئەو کاتەی کە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە باسیان دەکات جیاوازە و ماوەیەکی دوور و درێژ لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام یەکێک لە هۆکارە هەرە سەرەکییەکانی داهێنانی ئەم ڕۆمانە بریتییە لەو ڕووداوانەی کە لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی و دواتریش بەسەر کورددا هاتووە و پاشان کاریگەرییەکانی دواتری ئەم ڕۆمانە بەسەر تاکی کورددا. بۆیە ئەگەر خوێنەر لە سەرەتاوە شارەزایی لەبارەی جەنگی یەکەمی جیهانی و لێکەوتەکانی دواتری ئەم جەنگە بەسەر کورد و تاکی کوردەوە هەبێت، باشتر لە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە تێدەگات، چونکە ڕۆمانەکە بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ و هەندێک جار بە تەم و مژی باسی ڕووداوەکان دەکات، بۆیە بۆ تێگەیشتنی زیاتری


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

ڕۆمانەکە پێویستە ڕۆمانەکە بگەڕێنرێتەوە بۆ چوارچێوە مێژووییەکەی خۆی و بە پەیوەستکردنی بە ڕووداوە مێژووییەکانەوە ڕاڤەبکرێت.

لە ساڵانی پێش و پاش جەنگی یەکەمی جیهانیدا، بەشێکی نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکاندا بوو (بەتایبەتیش باکور و باشور و ڕۆژئاوای کوردستان). ئەگەرچی لەم ناوچانەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا نیمچە سەربەخۆییەک هەبوو و زۆربەی کوردەکان لە ڕێی میرنیشینەکانەوە ناوچەکانی خۆیان بەڕێوەدەبرد و هەندێک لە مافە نەتەوەییەکانیان پێدرابوو، کەچی زۆرجاریش دەسەڵاتدار و فەرمانڕوایانی سەر بە عوسمانییەکان تەنگیان بە میرنیشنیەکان و کوردی ئەم ناوچانە هەڵدەچنی و هەڕەشە و گوڕەشەیان لێدەکردن، ئەمەش بۆئەوەی کوردەکان بە تەواوی بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان و لە جەنگە گەورەکانیشدا بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان بەکاریانبێنن، بۆیە زۆرجار لە ڕێی سوپاوە هێرشیان دەکردە سەر ناوچە کوردییەکان و بە زەبری ئاگر و ئاسن خەڵکیان دەچەوساندەوە و ڕۆڵەی خەڵکیان بەزۆر دەبردە سەربازی و باج و خەراجیان بەزۆر لە خەڵک وەردەگرت و خەڵکی کوردیان دەچاوساندەوە. ئەمە درێژەی کێشا تا بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی و بەشداریکردنی دەوڵەتی عوسمانی لەم جەنگەدا لەپاڵ هەریەکە لە (ئەڵمانیا و نەمسا و بولگاریا و چەند ولات و میرنشینێکی تر) لە دژی وڵاتانی هاوپەیمان، کە یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەم جەنگە بریتیبوو لە کۆتاییهاتنی دەوڵەتی عوسمانی و دابەشکردنی زۆرێک لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتیان بۆ دەوڵەت و شانشینی نوێ و داگیرکردنی ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا لەلایەن ئیمپریالیزمی ئەوروپییەوە. ئەم جەنگە گەورە و فراوان و ماڵوێرانکەرە کاریگەرییەکی زۆر و نەرێنی بەسەر نەتەوەی کوردی ژێر دەسەلاتی عوسمانیەکاندا هەبوو، لەبەرئەوەی بەشێک لە کورد لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون و ناوچەکانیان لەلایەن فەرمانڕەوایانی عوسمانییەوە

بەڕێوە دەبرا، بۆیە دەبوو کوردیش بەشدار بێت لە جەنگەکە و ڕۆڵەی خۆی بنێرێت بۆ ئەم جەنگە، هەروەها باج و خەراج و پیتاک بۆ دەوڵتی عوسمانی کۆبکاتەوە و بینێرێت. ئەمە بووە هۆی ئەوەی لە کوردستانی عوسمانیدا هەژاری و نەداری و نەخۆشی و کێشە و گرفتێکی زۆر بڵاوببێتەوە و خەڵک بەدەست برسێتی و نەبوونی و دەیان گرفتەوە بناڵێنن، بۆیە زۆرجار خەڵک بە تەنگ داواکارییەکانی فەرمانڕەوایانی عوسمانییەکان نەدەهاتن و تەنانەت دژایەتیشیان دەکردن، بۆیە زۆرجار فەرمانڕەوای عوسمانییەکان بۆ کۆکردنەوە و ناردنی خەڵک بۆ سوپا و جەنگ و کۆکردنەوەی باج و پیتاک و خۆراک؛ سوپا و جەندرمەیان بەکاردەهێنا و زوڵم و ستەمێکی زۆریان لە خەڵک دەکرد و خەڵکیان دەگرت و ئەشکەنجەیان دەدان و ئەوانەشی کە بەرەنگارییان دەکرد، زۆرجار دەیانکوشتن.

ڕۆمانی (جەنگ) کە بە نزیکەیی سەدەیەک دوای ئەم ڕووداوانەوە نووسراوە، هەر بە کاریگەری و لێکەوتەکانی ئەم ڕووداوانەوە نووسراوە، کە لە سەردەمانی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە ڕوویانداوە و لێکەوتەکانی دواتر لەسەر خێزانێکی باکوری کوردستانی ئاوارەی هەولێر دەرکەوتووە. ئەمانە کاریگەرییان بەسەر زۆرێک لە نووسەر و ئەدیبانی کورددا هەبووە، بەتایبەتیش ئەم ڕۆمانە، بۆیە لەم ڕۆمانەدا کاریگەری سەردەمی پێشوو و دواتر و گۆڕانکارییە مێژوویی و سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان وایکردووە، ڕۆماننووس باسی ڕووداوی دوو سەردەمی جیاواز بکات و ئاماژە بە لایەنە نەرێنییەکانی ئەم ڕووداوانە بەسەر کوردەوە بکات، کە هەڵبەتە ئاماژەدان بەو خێزانەی لەم ڕۆمانەدا باسکراوە نموونە و ئاماژەیەکە بۆ هەموو خێزانێکی کورد کە دەرد و مەینەتییەکی زۆری لەم جەنگەدا بنینووە کە لێکەوتە نەرێنی و نەخوازراوەکانی دەیان ساڵی خایاندووە. کاریەگەرییەکانی ئەو ڕووداوانەی لەم ڕۆمانەدا گێڕدراونەتەوە بۆ دوو سەردەمی جیاواز دەگەڕێنەوە، وەک لەنێو ڕۆمانەکە باسکراون و ئەمانەن:

- ئەو ڕووداوانەی پێوەندییان بە جەنگی یەکەمی جیهانی و کاریگەری و لێکەوتەکانی بەسەر باکوری کوردستان و ژیان و بارودۆخی خەڵک بەگشتی و خێزانی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە بەتایبەتییەوە هەیە.
- ئەو ڕووداوانەی پێوەندییان بە بارودۆخی ژیان و گوزەرانی ئەو خێزانەوە هەیە کە بەهۆی لێکەوتە نەرێنییەکانی جەنگەوە ئاوارەی باشوری کوردستان بوون و لە (هەولێر) گیرساونەتەوە و لەوێشەوە تووشی ئێش و ئازارەکانی نەبوونی و هەژاری و بێ کەسی و دووری لە زێدی بنەڕتی خۆیان دەبنەوە.

ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لە ڕۆمانەکەدا کاریگەری دوو سەردەمی جیاواز بە هەموو ڕووداو و گۆڕانکارییەکانیانەوە بەدیدەکرێت.

لەبارەی کاریگەرییەکانی سەردەمی یەکەمەوە و مەزراندنی لەنێو ڕۆمانەکەدا، ڕۆماننووس لە زۆر شوێنی ڕۆمانەکەدا ئاماژەی پێداوە. ئەوەتا ڕۆماننوس ئاماژە بەوە دەکات کە ڕووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی ئەم خێزانەی لە باکوری کوردستانەوە ئاوارەی باشوری کوردستان کردووە و دەڵێت: ((بارودۆخی ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی لێرەی نەهێشتوون، دایکم لەبەر بێ کەسی، لە ترسان، لە برسان ئاودیو سنور بووە و لە شاری هەولێر گیرساوەتەوە، گوندی (س) زێدی باوباپیرانمە و موڵک ڕەز و باخچەیکی زۆرمان لەوێ بەجێ ماون)) (عومەر، ٢٠٠٣: ٩٧). ئەمەش دوای ئەوەی گوندەکەیان لەلایەن جەندرمەکانی سوپای عوسمانییەوە دەکەوێتە بەر پەلاماردان و شاڵاوی گرتن و ئازاردانی خەڵکی گوندەکە و بردنی گەنج و پیاوی گوندەکە بۆ مەشق و سەربازی و دواتر ڕەوانەکردنیان بۆ بەرەکانی جەنگ، ڕۆماننوس دەڵێت: ((ئەوانەی عەلییان بەدەست و پێی کەلەپچە کراوەوە ڕاقێچا و بردیان، مرۆڤ نەبوون، گورگ و دڕندە بوون، نازانم لەکوێ هاتن و لە چ کونێک لێمان پەیدا بوون، ئەو سەگباوکانەی کەس نازانێ ڕەچەڵەکیان هی کوێیە و

کوڕی کێن، خەڵکی کام وڵاتن، تەتەر و مەغۆلن یا لە بنەچەی دێوودرنجن، بەنوێژی نیوەڕۆ گەمارۆی عەلی و لاوەکانی دیکەی گوندیان دا، گوایە بۆ سەربازییان دەبەن و دەبێ بۆ پاراستنی شەڕەف و بەرز ڕاگرتنی ناوی وڵات و ئایین بجەنگن، بەرامبەر کافر و دوژمنان ئازایەتی بنوێنن. بە قسەی هەندێ لە خەڵکانی گوندیش ئەو لاوانەی دەیانبردن، ماوەی سێ مانگ لە سەربازگەیەکی سەر دەریا مەشقیان پێ دەکردن و پاشان دەیانناردنە سەنگەرێ لەو سەنگەرانەی کەوتبوونە ڕۆژئاوای وڵات، جا یا دەهاتنەوە یا دەبوونە قوربانی جەنگە ناڕەواکەیان)) (عومەر، ٢٠٠٣: ١٤). لەلایەکی ترەوە، ڕۆماننوس باسی بارودۆخی خەڵکی ئەو سەردەم دەکات و لێرەدا وێنەیەک دێنێتەوە کە دەشێ ئاماژەبێت بۆ سەدان نموونەی لەم جۆرە بۆ هەر تاکێکی کورد لەم سەردەمەدا. لەبارەی حاڵ و ژیانی خەڵکەکە لەو سەردەمدا دەڵێت: ((لەو گوندە چۆڵوهۆڵەی شەڕ و قاتوقڕی و گرانی بینەقاقای خەڵکی گرتبوو و ڕۆژانە لێی دەکوشتن و لەبەری هەڵدەهاتن، لەو گوندەی لە من و باوکت و چەند ماڵێکی کەمی دیکەی لێ نەمابوو، کەس ئاگای لە کەس نەمابوو، کەس نەیدەزانی ئەوی دیکە چی لێهاتووە و چی لێقەوماوە، ماوە یان مردوو، یان کە شتێکی لێ قەوما هانا بۆ کوێ ببات، کی بانگ کا، جا کێ دەیتوانی بەهانای ئەوی ترەوە بێ، جا کێ تاقەتی مابوو بێت و دەست کاتە قازمە و پێمەڕە و خاکەناس و لە گوند بچێتە دەر و بچێ لە گۆڕستانی ئاوایی گۆڕ بۆ مردووەکەی لێدا، ڕۆژی ئەوە نەبوو مردوو بشارێتەوە، ڕەنگە دیان کەس هەر لە حەوشە و ماڵەکەی خۆیان مردووەکانیان شاردبێتەوە و لە چاڵێک ناشتبیان، یان تەنیا خۆڵیان بەسەردا کردبن و وازیان لێ هێنابێ)) (عومەر، ٢٠٠٣: ٣٩-٤٠). ئەگەر سەیری وێنە بە وێنەی ئەم ڕووداوانە بکەین کە ڕۆماننوس بۆ باسکردنی مەینەتی و ترس و برسێتی و ناخۆشی و وێرانکاری ژیانی خەڵکی باسیکردوون، بۆمان دەردەکەوێت کە چ سەردەمێکی سەخت و قورس و دەروون وێرانکەر و پڕ لە ئازار بووە، کە دواتر ڕۆماننوس هەموو ڕووداوەکانی نێو


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

ڕۆمانەکە بەو جەنگە کاولکارەوە دەبەستێتەوە. کاریگەری ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە چ لە لایەنی مێژوویی، چ لە لایەنی ئابوری، چ لە لایەنی دەروونییەوە بە ڕوونی بەسەر دەقی ڕۆمانەکەوە دیارە. تەنانە ئە کاریگەرییانەی بەهۆی جەنگ لەلایەکەوە و زوڵم و ستەمی جەندرمە تورکەکان لەلایەکی ترەوە ڕووبەڕووی ناوچەکە و خەڵکی ناوچەکە بۆتەوە خێزانی کارەکتەریشی لێ بەدەرنەبووە، ڕۆماننوس لەسەر زاری دایکی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەوە دۆخی خێزانی کارەکتەر کە ئەوکاتەی لە زێدی خۆیان بوون و جەنگ دەستی پیکرد و ئەوکاتەش کە جەندرمەکان لە باوکی کارەکتەریان داوە تا بەهۆی لێکەوتەکانی لێدانەکەوە دواتر مردووە باسدەکات و دەڵێت: ((باوکت کە مرد نە زەوی مابوو، نە مەڕومالآت، ئەوەی هەیبوو نەیبوو سووتا یا تالآنیان کرد، ئەوە جگە لەو وشکەساڵییەی حەوت ساڵان گوندەکەمانی داگرت و شتێکی ئەوتۆی بەپێوە نەهێشت، ئەو وشکەساڵی و برسیەتی و تاڵانکردنە و شەڕە ماڵی زۆرانی کاول کرد و زۆرانیش لە برسان مردن، تاڵانکردن و شەڕ و وشکەساڵی پێکەوەمەوتنە وێزەی خەڵکی گوند و کەم کەس بە سەلامەتی دەرچوو)) (عومەر، ٢٠٠٣: ٢٩–٣٠). ئەو مێژووەی کە ڕۆماننوس لەسەر زاری دایکی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە دەیگێڕێتەوە هی ئەو سەردەمەیە کە هێشتا کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە لەدایک نەبووە. بۆیە ڕۆماننوس ناچارە بۆ باسکردنی ڕووداوەکانی ڕابردوو و ئەوانەی پێش لەدایکبوونی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە ڕوویانداوە، لە ڕێی تەکنیکی فلاشباکەوە بۆ ڕابردوو بگەڕێتەوە و ڕووداوەکانی ئێستا ڕابگرێت و باسی ڕابردوو بکات. بۆیە ڕۆماننووس دایکی کارەکتەری بەم کارە سپاردووە. بۆیە ئەوەی ڕۆمانەکە بخوێنێتەوە لە سەرەتاوە نازانێت، ئەو خێزانە بۆ ئاوارە بوون و باوک و برای کارەکتەر لەکوێن و چیان لێهاتووە و ئەو کەسانە کێن و سەر بە چ سوپا و وڵاتێکن کە هاتون برای کارەکتەریان بردووە و چارەنووسی براکەی چی لێهاتووە و باوکی بۆ گیراوە و

لێیدراوە و بەچی مردووە؟ هەروەها ئەو جەنگەی ڕۆماننوس ئاماژەی پێکردووە کام جەنگ بووە؟ بەڵام کاتێک دەگاتە ناوەڕاست و کۆتایی ڕۆمانەکە ئەوسا بۆی دەردەکەوێت کە جەنگی یەکەمی جیهانییە و ئەو کەسانەش کە هێرشیانکردۆتە سەر گوندەکەیان جەندرمەی عوسمانی بوون. کاریگەرییەکانی ئەم ڕووداوانە لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە تا کۆتاییەکەی بەسەر تەواوی بەشەکانی ڕۆمانەکەدا ئامادەیی هەیە و زۆرجار ڕۆماننوس دووبارەیان دەکاتەوە و لە کاتی دووبارەکردنەوەکاندا زانیاری زیاتر و وردتر و نوێتر دەدرکێنێ.

بەدەر لە کاریگەرییەکانی ڕووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی ڕووداوی تر هەن، کە پێوەندییان بە سەردەمی دوای ئاوارەبوونی خێزانی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەوە هەیە لە ژیانی ئاوارەیی و دوور لە زێدی باوباپیران و خاک و شوێنی ڕاستەقینەی خۆیانەوە، بەتایبەت ژیان و گوزەرانیان لە شاری (هەولێر) و هەوڵەکانی کارەکتەری سەرەکی بۆ دەستکەوتنی ڕاستی هەموو نهێنییەکان کە دایکیشی وەڵامەکەی دەستنەکەوتبوو؛ ئەوا ڕۆماننوس هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە (لەسەر زاری کارەکتەری سەرەکییەوە) دەست بە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە دەکات، بە تایبەتیش کاتێک کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە هەوڵدەدات بە دوای شوناس و ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆی و خێزانەکەی و چارەنووسی باوک و براکەیدا بگەڕێت و لەمبارەیەوە دەڵێت: ((من خۆم بەدەیان جار ئەو پرسیارانەم ڕووبەڕووی خۆم و ئەو کردبۆوە: من کێم؟ باوکم کێیە و ئێمە خەڵکی کام وڵاتین، دایکم لە کوێ هاتۆتە ئێرە، بۆ لە زێدی باووباپیرانی پەراگەندە بووە، لێرە و لەم شارەدا گیرساوەتەوە ..... )) (عومەر، ٢٠٠٣: ٥). ئەمانە و چەندین پرسیاری تر کە بەردەوام کارەکتەر لە خۆی و دایکی کردووە، بە ئومێدی ئەوەی وەڵامێکی دەستکەوێت. تەنانە هەوڵدان بۆ گەڕان بەدوای شوناس و ناسنامەی خۆی و بنەماڵەکەی و ئەو نهێنییانەی کە هێشتا وەڵامێکی دڵنیاکەرەوەیان نییە و کارەکتەری سەرەکی لە ڕێی سەفەرێکی درێژەوە


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

هەوڵی بەدەستهێنانیان دەدات کاریگەری سەرلەبەری ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی سەردەمانی پێشووتری پێوە دیارە. ئەگەرچی کارەکتەر لە ڕووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و ئەو بارودۆخە سەختەی بەسەر دایک و باوک و براکەیدا هاتووە نەژیاوە و دواتر لە ڕێی گێڕانەوەکانی دایکییەوە وەڵامی بەشێکی ئەو پرسیارانەی دەستدەکەوێت. بۆیە ئەو ڕووداوانەی کە پێوەندییان بە هەوڵەکانی کارەکتەری سەرەکییەوە هەیە لەبارەی هەوڵ و گەڕانەکانی بۆ زانینی ڕاستی نهێنییەکان، بۆ دوو سەردەمی جیاواز دەگەڕێنەوە:

- ئەو ڕووداوانەی پێوەندییان بە ژیانی کارەکتەری سەرەکی و خێزانەکەیەوە هەیە، هەر لە ئاوارەبوونییان و هاتنیان بۆ شاری (هەولێر) و نیشتەجێبوونیان لەم شارە و دەسپێکی هەوڵەکانی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان.
- ئەو ڕووداوانەی پێوەندییان بە مەسەلەی سەفەرکردنەکەی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەوە هەیە بۆ وڵاتی تورکیا و ئەو شوێنەی باوباپیران و دایکی و براکەی و خێزانەکەی تێیدا ژیاون.

**٢-٣: کاریگەری ژینگە لەسەر ڕۆمانەکە:**

یەکێک لە بنەماکانی میتۆدی (هیپۆلیت تین)، بریتییە لە پەیوەستکردنی دەقی ئەدەبی بەو ژینگە جوگرافی و کۆمەڵایەتی و سروشتییەی کە دەقەکەی تێدا بەرهەم هاتووە، چونکە ژینگە بە هەموو بوونە جیاوازەکانی نێویەوە ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر لە بونیادنان و پێکهاتە و فۆرم و ناوەرۆکی دەقی ئەدەبیدا دەگێڕن.

لە ڕۆمانی (جەنگ)دا، کاریگەری ژینگە بە ڕوونی بەسەر تێڕوانینی ڕۆماننوس لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و وێناکردنی ژیانی کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکەیەوە دیارە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە ژینگە بە شێوە جیاوازەکانییەوە

له ژینگەی (جوگرافی و سروشتی و کۆمەڵایەتی و سیاسی) ئامادەییەکی کاریگەری له بونیادی ڕۆمانەکەدا هەیه.

کاریگەری ژینگەی جوگرافی و لێکەوتەکانی ئەو ژینگەیەی کە پڕە لە کێشەی سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی کە لە دێر زەمانەوە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت زیاتر و ئاڵۆزتر بووە، بە ڕوونی بەسەر ڕۆمانی (جەنگ)ەوە دیارە. ئەو ژینگە جوگرافییەش بریتییە لە (کوردستان) وەکو ژینگەیەکی جوگرافی سیاسی کە نەتەوەیەکی وەکو کوردی لەسەردا ژیاوە و لەنێوان چەند وڵاتێکدا دابەشکراوە. ڕۆماننوس بە ناڕاستەوخۆیی کاریگەرییەکانی ئەم ژینگە جوگرافییەی مەزراندۆتە نێو ڕۆمانەکە، ئەویش لەمیانی ئاماژەدا بە شوناسی خێزانێکی ئاوارە و لێقەوماو لە پارچەیەکی داگیرکراوی کوردستانەوە (باکوری کوردستان) بۆ پارچەیەکی تری کوردستان (باشوری کوردستان). گەڕان بە دوای شوناسی ئەو خێزانە لە ڕۆمانەکەدا ڕەمزە بۆ گەڕان بەدوای شوناسی نەتەوەیی و گەڕانیش بەدوای زێدی ئەو خێزانە گەڕانە بەدوای شوناسی ئەو ژینگە جوگرافییەی کە نەتەوەی کوردی لەسەر ژیاوە و بەردەوامیش ئەو ژینگە جوگرافییە ئامادەیی لە زەین و هۆشی ئەو نەتەوەیەدا هەبووە، بۆیە دەبینین ڕۆماننوسیش ئاماژەی بەم مەسەلەیە داوە، بۆ نموونە سەرەتای ڕۆمانەکە بە پرسیارکردن لەبارەی ژینگەی جوگرافی خێزانە ئاوارەکەوە دەستپێدەکات و ڕۆماننوس لەسەر زاری کارکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەوە دەڵێت: ((ئێمە خەڵکی کام وڵاتین، دایکم لە کوێ هاتۆتە ئێرە، بۆ لە زێدی باوباپیرانی پەراگەندە بووە و لێرە لەم شارە گیرساوەتەوە)) (عومەر، ٢٠٠٣: ٥). ئەم پرسیارانە هەڵگری کۆمەڵێک ئاماژەی شاراوەن لەبارەی پێگە و گرنگی و ڕۆڵی ژینگەی جوگرافی و پێوەندی بە ژیانی تاک و خێزانەوە. ڕاستە ڕۆماننوس دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێت کە ئەمانە پرسیاری کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیە و بەدوای وەڵامەکانیدا وێڵە و لەم پێناوەشدا سەرکێشی ئەنجامدەدات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا

ئەمە ئاماژەیەکیشە بە ئاریشەیێکی دێرین کە بەردەوام ڕووبەڕووی خێزانی کورد بوونەتەوە لە ئاوارەیی و دەربەدەری و جێهێشتنی زێدی باووباپیرانی بەهۆی زوڵم و ستەم و شەڕ و نەهامەتییە جۆراوجۆرەکانەوە کە توشی ئەم نەتەوە خاک داگیرکراوە بۆتەوە. بۆیە کارەکتەر ئەگەرچی هەر لە بەشێکی تری کوردستان دەژیت (کە باشوری کوردستان)ە و لەنێو نەتەوەکەی خۆیەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باش ئەوە دەزانێت کە ئەم بەشەی کوردستان سەر بە وڵاتێکی ترە کە (عێراق)ە و زێدی بنەڕتی خۆی کە (باکوری کوردستان)ە سەر بە وڵاتێکی تری بە نەژاد جیاوازە کە (تورکیا)یە، بۆیە بەناچاری پرسیاری ئەوە دەکات کە بۆچی لەم شارە و لەم وڵاتەدا دەژین و نیشتەجێن زێدی باووباپیرانیان جێهێشتووە. ڕۆماننوس لەسەر زاری کارەکتەری سەرەکییەوە هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە و پێش ئەوەی کارەکتەری سەرەکی دەست بە گەڕان و سوڕانەکەی بۆ دەرخستنی شوناسی خۆی و زێدی بنەڕەتی باووباپیرانی بکات، هەندێک زانیاری لەسەر ئەو ژینگە جوگرافییەوە بە خوێنەر دەدات و دەڵێت: ((بەر لە ئیمشەویش لە دەمی ئەوەوە نەمبیستبوو کە لە بنەڕەتدا ئێمە خەڵکی گوندێکی کوردستانی ئەودیوین و برسیەتی و ترس و گرانی و شەڕی یەکەمی جیهانی دایکم و پوورمی ئاوارە کردووە و پاش ڕفاندنی عەلی برام و مردنی باوکم ئەوییان جیهێشتووە و لێرە گیرساونەتەوە، هاتوون بە کۆڵەمەرگی لە خانووێکی لە قوڕ درووستکراوی گەڕەکێکی هەژارنشین باروبنەیان خستووە)) (عومەر، ٢٠٠٣: ٧). کاریگەرییەکانی ژینگە جوگرافییە داگیرکراوەکەی کوردستان و ئەو لێکەوتانەی لێیەوە درووستبوون بەشێوەیەک کاری لە ئایدیۆلۆژیا و تێڕوانینی ڕۆماننوس کردووە کە تەنانەت ئەم کاریگەرییەی گواستۆتەوە بۆ نێو زەین و بیرکردنەوەکانی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە، بۆیە کارەکتەری سەرەکی لەپێناو گەڕان و سۆراخکردنی بەدوای زێدی بنەڕەتی خۆی و گەڕان بەدوای زانیاری لەبارەی (باوک و برا)کەیەوە، دەست دەکات بە سەرکێشییەک و بڕیار دەدات لەڕێی

ئەو کاغەزەی کە دایکی لەنێو گۆڕی باوکیدا دۆزیبوویەوە و وەکو نەخشەیەک دەردەکەوت، بەدوای ئەو خاک و ژینگەیەدا بگەڕێت کە باووباپیرانی تێدا ژیاون، خاکێک کە (باوک و برا)کەی تێدا ونبوون. سەرەتای سۆراخکردنەکەی لە کاغەزەکەوە دەستپێدەکات: ((کە کاغەزەکەم تەواو کردەوە یەکسەر لەسەر بەتانییەکەی لای قاچی دایکم، لەبەردەمی خۆمم دانا و سەرم بەسەردا شۆڕکردەوە… دەمێک و دوان خەریکی بووم، کەچی نە توانیم بیخوێنمەوە و نە توانیم بزانم ئەو وێنە هێڵ و چوارگۆشە و لاکێشانەی سەری چین)) (عومەر، ٢٠٠٣: ٢٩). بەڵام دوای هەوڵێکی زۆر و چوون بۆ کتێبخانەکان و ناردنی ئەم کاغەزە بۆ زۆر شوێن و لایەنی پسپۆڕ و پێوەندیدار بە بابەتی نەخشە و کەرەستەی کۆن و شوێنەوارناسی بۆ کردنەوەی لوغزی کاغەزەکە هیچی دەستناکەوێت و ناچاردەبێت بڕیاری سەفەر بدات و بچێتەوە شوێنی باووباپیرانی و بۆیە دوای خۆ ئامادەکرن بۆ سەفەر و ماڵئاواییکردن لە دایکی و هەردوو کچەکەی، ئیدی دەچێتە وێستگە و دەڵێت: ((بڕیارمدا بە شەمەندەفەر سەفەرەکەم بکەم و بکەومە ڕێ)) (عومەر، ٢٠٠٣: ٩٤). کاتێکیش دەگاتە باکوری کوردستان، ئەگەرچی زمانی خەڵکەکەی ئەوێ نازانێت (کە زمانی تورکییە و زمانی نەتەوەیەکی بە نەژاد و زمان جیاوازە لە نەتەوەی کورد) ئەوا دەستدەکات بە پرسیارکردن لەو زۆنە جوگرافییەی کە باووباپیرانی کارەکتەری تێدا ژیاوە و لەمبارەیەوە ڕۆماننوس لەسەر زاری کارەکتەری سەرەکییەوە دەڵێت: ((ئەگەرچی زمانی خەڵکی ئێرە نازانم، بەڵام بە ئیشارەت تێیان دەگەیەنم کە چیم دەوێ و لە چی دەگەڕێم، پێیان دەڵێم باوکم خەڵکی گوندێکی دەوروبەری ئەم شارە بووە و هەر لەوێش لەدایکبووە، دایکیشم هەروا، بەڵام بارودۆخی ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهان لێرەی نەهێشتوون، دایکم لەبەر بێ کەسی، لە ترسان، لە برسان ئاودیو سنوور بووە و لە شاری هەولێر گیرساوەتەوە، گوندی (س) زێدی باوباپیرانمە و موڵک و ڕەز و باخچەیەکی زۆرمان لەوێ بەجێ ماون، ئێستاش

هاتووم وەریانگرمەوە و گۆڕەکەی باوک بەسەر بکەمەوە)) (عومەر، ٢٠٢٣: ٩٦-٩٧).

خاک بەلای مرۆڤەوە گرنگ و بایەخدارە، بەتایبەت زێدی باووباپیران، چونکە بوون و ژیانی مرۆڤ و هەموو چالاکییەکانی ژیانی پەیوەستە بەم خاکەوە، جۆرێک لە خۆشەویستی لەنێوان مرۆڤ و ئەو خاکەی تێیدا لەدایکبووە و ژیاوە هەیە، هەتا ئەگەر ئەو مرۆڤە سالانێکی زۆریش ئەو خاکەی جێهێشتبێت، بەلام پردی خۆشەویستییەکەی نەپچڕاوە و ڕۆژێک هەر دێت بۆی بگەڕێتەوە، تەنانەت ئەگەر بە مردنیش بەو خاکەی شادبێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژینگە جوگرافییەی کە بوونی بە بوونییەوە بەستراوەتەوە و شوناس و ناسنامەکەشی هەر بەم ژینگەیەوە پەیوەستە، ئەگەرچی لەلایەن داگیرکەرەوە داگیرکراوەن بەلام بەدوای سۆراخی ئەم خاکەوە ئەم هەموو ڕێگایەی بڕیووە و هاتووە ڕەز و باخچەکانی باوکی وەربگرێتەوە، ئەمە ئاماژەیە بۆ کوردستانێکی داگیرکراو وەکو ژینگەیەکی جوگرافی دیاریکراوی تایبەت بە نەژادی کۆمەڵێک مرۆڤی دیاریکراوە لە ڕووی خەسڵەت و سیفاتی بایۆلۆژی و دەروونی و ژیاری و ئاکاری و میزاجی کە بۆماوەییانە لە پێشینانی خۆیانیان وەرگرتووە. کوردستانێک کە تا ژیان مابێت مرۆڤی کورد بەدوای بەدەستهێنانەوەی خاکە داگیرکراو و دابەشکراوەکەیەوە سەرقاڵ دەبێت و ئەمە لە زەینی هیچ تاکێکی کورددا کاڵ نابێتەوە، ئەگەرچیش نەتەوەکانی تر هەوڵی کاڵکردنەوەی بدەن.

کاریگەری و لێکەوتەکانی ئەم ژینگەی جوگرافییە داگیرکراو و دابەشکراوە لە نێوان سێ نەتەوەی تری وەک (تورک و فارس و عەرەب)ی بە نەژاد جیاواز لە (کورد) ئەوەندە لە زەین و عەقڵی تاکی کورددا قوڵ بۆتەوە؛ ئەم مەسەلە بۆتە خەو و خۆراکی هەموو تاکێکی کورد. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە دەکرێت بڵێین هێڵە گشتییەکانی ڕۆمانی (جەنگ) لەسەر ئەم بنەڕەتەوە بونیادنراوە، وەک لە پێشتریشدا

ئاماژەمان پێیکرد، کە بریتییە لە گەڕان بە شێوێن دوو شوناس کە پێوەندییەکی بوونی و زەمەنی بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، کە بریتین لە:

- گەڕان بە شوێن شوناسی نەتەوەیی، کە هەوڵی سڕینەوەی لە واقیعدا دەدرێت.
- گەڕان بە شوێن شوناسی ئەو ژینگە جوگرافییەی کە ئەو نەتەوەیەی لەسەر دەژیت و لەسەر نەخشەی جیهانیدا ونە.

ئەوەتا ڕۆماننوس بە شێوازێکی ئاماژەدار و ڕەمز ئاسا نەخشەی ئەم کوردستانە ونبووە لەسەر نەخشەی جیهانیدا وێنادەکات، ئەمەش کاتێک کە کارەکتەری سەرکی ڕۆمانەکە هەوڵدەدا زانیاری لەبارەی باوک و براکەی و کەسوکار و زەوی و زار و ڕەز و باخچەکانی باوکی و زێدی بنەڕەتی باووباپیرانی لەڕێی خەت و وێنە و ڕەمز و نووسینەکانی سەر کاغەزە بەجێماوەکەی نێو گۆڕی باوکی کۆبکاتەوە، لەمبارەیەوە ڕۆماننووس لەسەر زاری دایکی کارەکتەری سەرەکییەوە دەڵێت: ((جوان لە خەت و وینەکان وردبەرەوە تێم بگەینە چی تێدا نووسراوە و مانایان چییە و بزانە ئەم خاڵە شینانەی هەر لە ئاو دەکات بۆ بەناو بەناو چوارگۆشەکاندا تێدەپەڕن، تۆ بڵێی دەریا یا ڕووبار نەبن و دوو کۆلان و دوو گەڕەکیان نەکردبێتە دوو کەرت، یا دوو شار و دوو گوندیان بۆ دوو بەش دابەش نەکردبێ....... ئەو قەرەباڵغیەی نەخشەکەی داگرتووە نیشانەیە بۆ قەرەباڵغی شەقامی شارێک، کە تا ئێستا کەس نەیدیوە و نازانێ کەوتۆتە کام کیشوەر و سەر بە کام وڵاتی دنیایە، لەسەر زەوی یا لە ئاسمان دروست کراوە، خوا دەزانێ ناوی چیە و بەچی بەناوبانگە و ژمارەی دانیشتوانی چەندە، ڕووبەری چەند کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، چ نەتەوەیەکی تێدا دەژی و بە چ زمانێ قسە دەکەن، چی دەچێنن و چی بەرهەم دێنن، ئەمیش هەر خوا دەزانێ)) (عومەر، ٢٠٠٣: ٣٤-٣٥). هەموو ئەم وشە و دەستەواژانەی ڕۆماننووس کاریگەرییەکانی ئەو ژینگە جوگرافییە بەسەر

زەین و تێڕوانینی ڕۆماننووس دەخەنەڕوو و ڕەمز و ئاماژەن بۆ ژینگەیەکی جوگرافی ون لەسەر نەخشەی جیهانی و دانپێدانەنراو لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. ئەم ژینگە جوگرافییە بە هەموو ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و ئابورییەی تێیدا ڕوویداوە کاریگەرییەکی وردی لەسەر ئاراستەی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەدا درووستکردووە.

لەپاڵ ئەم ژینگە جوگرافییە سیاسییەی ڕۆماننووس ئاماژەی پێداوە و هەست بە کاریگەرییەکانی لە بونیادی ڕۆمانەکەدا دەکرێت، کاریگەرییەکانی ژینگەیەکی تریش هەستی پێدەکرێت؛ کە بریتییە لە (ژینگەی سروشتی)، کە پێوەندی بە ژینگەی سروشتی کوردستانەوە هەیە، بەتایبەت ئەو گوندەی خێزانی کارەکتەری سەرەکی پێش لەدایکبوونی تێیدا ژیاون. ڕۆماننوس لەژێر کاریگەری ئەم ژینگە سروشتییەوە لەسەر زاری دایکی کارکتەرەکەوە کاتێ: باس لە لەدایکبوونی (عەلی) دەکات دەڵێت: ((ئەو بەیانییەی عەلی لەدایکبوو بەهارێکی خۆش بوو و گوڵ و گوڵزار لە دەرێ بوون. تا چاو بڕ دەکات سەوزایی دنیای داگرتبوو، شاخەکان پێدەشتەکان جێ تەڕاتێنی ئاسک و کەڵەکێوی بوون، چیمەنەکان باخچەکان، چەم و ڕووبارەکان، دۆڵە عاسێ و قووڵەکانهاتبوونە سەر چۆک و پێدەکەنین، پۆڕ و کەو و سوێسکە لەو بەهەشتەی خوا خولڤاندوویەتی دەنگیان لێوە دەهات. قاسپە قاسپ و جریوەی بولبول، ورشەی با، دەنگی گەڵا و دار و درەخت ئاوازێکی خەم ڕەوێن بوون و هێدی هێدی دەماری مرۆڤیان شل دەکردەوە، نەرم دەچوونە ناو مۆخی بنیادەم، لەو چۆڵ و چۆڵەوانییە دەنگیان دەدایەوە.......)) (عومەر، ٢٠٠٣: ١٦-١٧). ڕۆماننوس وەسفی دیمەنە جیاوازەکانی سروشتی ناوچەکە و گوندەکە دەکات، دیمەنە سروشتییەکان ئەوەندە بە قووڵی کاریگەرییان بەسەر دایکی کارکتەری سەرەکی و تەنانەت ڕۆماننوسیشەوە هەیە، تەنانەت مرۆڤ بە بینینیان دەروونی ئارام دەبێتەوە کار لە خوێن و مۆخ و دەماری مرۆڤ دەکات. ڕۆماننوس لەسەر وەسفی دیمەنە


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

سروشتییەکان و دروستکردنی وێنەیەکی سروشتی جوان و دڵڕفێن بە وشە کە دڵ و دەروونی ڕۆماننوسی بەرە و نهێنییەکانی خۆی پەلکێش کردووە بەردەوام دەبێت و دەڵێت: ((ئاسمان ساف و بێگەرد بوو، هەور بارگەی کردبووە کۆڵ و بۆ دوور دوور دەڕۆیشت، ئەگەر بارانیش بباریبایە ئەوا بۆ خۆشکردنی کەش و هەواو جوانکردنی سروشت بوو، بۆ شۆردنەوەی دەم و چاوی دار و درەخت و گوڵە حاجیلە و گولیکان بوو، بۆ نەرمکردنەوەی لەشی گیاندارەکان بوو)) (عومەر، ٢٠٠٣: ١٧). ڕۆماننوس بە شێوازێکی شاعیرییانە و بە زمانێکی شیعریی خوازەییەوە وەسفی یەکە بە یەکەی دیمەنەکان دەکات، زۆر دیمەنی دیکەی سروشتی بۆ خوێنەر وێنادەکات، کە پێوەندییان بە ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەوە هەیە؛ وەک (ئەشکەوتی محیەددین خەنجەر، ڕاوکردنی ئاژەڵان و هات و چۆی ئاسکە کێوییەکان و ڕاوکردنی ئاسکە کێوییێک و هۆگربوونی بەچکە ئاسکە کێوییەک لەگەڵ عەلی). ئەم کارەی ڕۆماننوسیش بۆ دوو مەبەستی سەرەکییە، کە یەکێکیان پێوەندی بە کاریگەرییەکانی ژینگە سروشتییەکەوە هەیە، هەم لە ژیانی خێزانی کارەکتەری سەرەکی (وەک دایک و باوکی و عەلی برای) و هەم لە بیری ڕۆماننوسیشدا لەمیانی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، کە بەشێکی زۆری ڕۆمانەکەی بە کاریگەرییەکانی ئەم ژینگە سروشتییە جیاوازانەوە دەوڵەمەندکردووە. ئەوی تریشیان، پێوەندی بە پیشاندانی دوو دیمەنی جیاوازەوە هەیە، کە یەکێکیان ئەم دیمەنە سروشتیانەی سەرەوە بوون، کە ئاماژەن بۆ دیمەنی پێش جەنگ و پێش کاولکارییەکانی جەنگ و داگیرکاری و تاڵانی و کوشتن و بڕین و ئاوارەبوون. دیمەنەکەی تریشیان بریتییە لە پیشاندانی هەمان ژینگەی سروشتی بەڵام بە کۆمەڵێک وەسف و دیمەنی تراژیدی و خەماوی و مردن و ئازاربەخش و نائومێدی و برسێتی و بێ کەسی و دەربەدەری، ئەوەتا ڕۆماننوس بە کاریگەری ئەم جۆرە دیمەنانەشەوە هەر لەسەر زاری دایکی کارکتەرەوە، کە ڕووداوەکانی پێش و پاش جەنگ بۆ کوڕەکەی دەگێڕێتەوە دەڵێت:


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

((باوكت هیچ سەروەت و سامانێکی لەپاش مردنی بەجێ نەهێشتووە، باوکت کە مرد نە زەوی مابوو، نە مەڕوو ماڵات، ئەوەی هەیبوو نەیبوو سووتا یا تاڵانیان کرد، ئەوە جگە لەو وشکەساڵییەی حەوت ساڵان گوندەکەمانی داگرت و شتێکی ئەوتۆی بەپێوە نەهێشت ئەو وشکە ساڵی و برسیەتی و تاڵانکردنە و شەڕە ماڵی زۆرانی کاولکرد)) (عومەر، ٢٠٠٣: ٢٩). ئەمەش وەسفی ئەو دیمەنانەی هەمان ئەو ژینگە سروشتییەیە کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، کەچی دوای جەنگ ئەو ژینگە سروشتییە جوان و دڵڕفێنە بە کاریگەری ژینگەی سیاسییەوە گۆڕا بۆ ژینگەیەکی نەرێنی کە کاریگەری و لێکەوتەکانی تا کۆتایی ڕۆمانەکە بەردەوام دەبێت و چارەنووسی خێزانێکی پێوە بەند بووە. کەواتە ئەو ژینگە سیاسییەی لەو ناوچەیەدا بەهۆی سەرهەڵدانی جەنگی یەکەمی جیهانی و هاتنی سوپای جەندرمە بۆ ناوچە کوردییەکان و هەڕەشەکردنیان لە ژیان و گوزەرانی خەڵکی ناوچەکە و بردنی ڕۆڵەی ئەو خەڵکە بۆ بەرەکانی جەنگو تاڵانکردنی موڵک و ماڵ و پارە و خۆراکی خەڵک و لەناوبردنی هۆکارەکانی ژیان لەم ناوچانەدا، دوو دیمەنی دژیەکی لە ژینگە سروشتییەکەوە درووستکردووە، کە هەردوو دیمەنە سروشتییەکە کاریگەرییەکی قوڵی لەسەر ڕۆماننووسدا جێهێشتووە.

### 4.2: پێوەندی هەرسێ ڕەگەزی (نەژاد، سەردەم، ژینگە) لە ڕۆکانەکەدا:

دوای خستنەڕوو و ڕوونکردنەوەی کاریگەری و لێکەوت و شوێنەوارەکانی هەرسێ ڕەگەز و یاساکەی (هیپۆلیت تین) لەسەر پرۆسەی داهێنانی ڕۆمانی (جەنگ)ی (سەلاح عومەر)دا بە جیا، ئەگەر بێت و پێوەندی هەرسێ ڕەگەز و یاساکە بەیەکەوە لە ڕۆمانەکەدا بخەینەڕوو، پاشان بڕیار لەسەر ئەوە بدەین کە کام ڕەگەز و یاسا لە ڕۆمانەکەدا زەقتر دەردەکەوێت و کاریگەری لەسەر بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەوە هەیە، ئەوا دەتوانین بڵێین: ڕۆماننوس بەشێوەیەکی فراوان سوودی لە هەرسێ ڕەگەزەکە وەرگرتووە و هەڵیداوە لە


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

شێوەیەکی هونەری و ئیستاتیکیدا شوێنەوار و لێکەوتەکانیان پیشان بدات و لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا تێکهەڵکێشی یەکترییان بکات، کە جاری وا هەیە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان لەسەر زمانی کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکەوە هەست بە چوونەناویەکی ڕەگەزێک یان دوو ڕەگەز یان هەرسێ ڕەگەزەکە لەگەڵ ڕێڕەوی ڕووداوەکان لە یەک کاتدا دەکرێت دەکرێت، بۆ نموونە هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە، کاتێک لەسەر زمانی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەوە دەست بە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە دەکرێت، ئەوا هەست بە پێوەندی و دەسەڵاتی هەردوو ڕەگەزی (سەردەم و ژینگە) لە هەڵسوڕانی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا دەکەین، کاتێک کارکتەری سەرەکی دەڵێت: ((بەر لە ئیمشەویش لە دەمی ئەوەوە نەمبیستبوو کە لە بنەڕەتدا ئێمە خەڵکی گوندێکی کوردستانی ئەودیوین و برسیەتی و ترس و گرانی و شەڕی یەکەمی جیهانی دایکم و پورمی ئاوارە کردووە و پاش ڕفاندنی عەلی برام و مردنی باوکم ئەوێیان جێهێشتووە و لێرە گیرساونەتەوە)) (عومەر، ٢٠٠٣: ٧). لەم قسانەی کارەکتەری سەرەکیدا لە لایەکەوە کاریگەرییەکانی گۆڕانکاری و ڕووداو و بارودۆخی سەردەمی پێش جەنگ و دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بەسەر ژیانی خێزانی کارەکتەر و تەواوی ڕووداوەکانی دواتری نێو ڕۆمانەکە دەردەکەوێت. لە لایەکی تریشەوە لێکەوتەکانی دوو ژینگەی جوگرافی جیاواز دەبینین، کە لە بنەڕەتدا یەک ژینگەی سروشتی و جوگرافییە و بەڵام بەهۆی ژینگە سیاسی و بارودۆخە سیاسییەکەوە بۆتە دوو بەش، کە مەبەست لێی باکوری کوردستان و باشوری کوردستانە.

هەندێک جار لەم ڕۆمانەدا، ژینگە سروشتییەکە لەمیانی ڕەگەز و نەژادەوە، کە کۆمەڵێک سیفەت و تایبەتمەندی و مەیلی بۆماوەیی و زگماکیانەی کە تاک لە نەتەوەکەیەوە وەریدەگرێت، بەشدار دەبێت لە دروستکردنی هەندێک ڕووداوی فانتازی و خەیاڵی، بۆ نموونە ئەشکەوتی (محیەدین خەنجەر)، وەکو ژینگەیەکی


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

سروشتی گوایە کۆمەڵێک ڕووداوی فانتازی تێدا ڕوودەدات (عومەر، ٢٠٠٣: ١٧–٢٠)، خۆی لە ڕاستیدا ڕەنگبێت ئەم ئەشکەوتە ئەشکەوتێکی ئاسایی بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی لە زەین و عەقڵیەت و بیر و تێڕوانینی پێشیناندا و لە تێڕوانین و باوەڕی زۆربەی نەتەوەی ڕۆژهەڵات و موسوڵمان کەسانی لە خوا نزیک و خواپەرست و چاک و پاک پیرۆزن و گۆڕ و شوێنەکانیشیان پیرۆزە، بۆیە باوەڕیان وابووە گوایە چ ئەم کەسە خواپەرست و چاکانە، چ شوێن و گۆڕەکانیان توانیا سەیر و سەمەرەیان هەیە (پەنا بەخوای گەورە)، بۆیە دەبینین ئەم بیروباوەڕە خوڕافی و بێ بنەمایانە لە پێشینانەوە گوێزراونەتەوە بۆ نەوەکانی تریش. بۆیە لەم ڕۆمانەشدا هەست بەم بیروباوەڕانە دەکەین. بەمەش ڕۆماننووس هەوڵیداوە لە تێکهەڵکێشی کاریگەرییەکانی ژینگەی سروشتی و کاریگەرییە بەجێماوەکانی نەژادی پێشینانی کوردەوە چەندین ڕووداوی خەیاڵی و فانتازی و جادوویی لە ڕۆمانەکەدا درووست کردووە و پەیوەستی کردوون بە ڕووداوە سەرەکییەکەی ڕۆمانەکەوە.

لە گێڕانەوەی هەندێک ڕووداویشدا جاری وا هەیە ڕەگەز و یاسایەک بە زەقی هەستی پێدەکرێت، بۆ نموونە کاتێک دایکی کارەکتەری سەرەکی باسی لەدایکبوونی (عەلی) برای کارکتەری سەرەکی دەکات، لە وەسفی ئەو شوێن و کەش و هەوایەی کە (عەلی) تێدا لەدایکبووە، دەڵێت: ((ئەو بەیانییەی کە عەلی برات تێیدا لەدایکبوو، بەیانییەکی ئاسایی نەبوو، بەیانییەک بوو گشت خەڵقەندەکانی دەوروبەر بەرزەپێ لەبەردەم دەرگای ماڵەکەمان وەستابوون و چاوەڕێی تەشریف هێنانی بوون.....)) (عومەر، ٢٠٠٣: ١٦–١٨). ڕۆماننووس لەسەر زمانی دایکی کارەکتەرەوە وەسفێکی وردی ئەو ژینگە سروشتییە و ئەو کەش و هەوا سروشتییە دەکات کە ئەو خێزانەی تێدا ژیاوە. ئەمەش کاریگەری ژینگە لە دروستکردنی ڕووداوەکان دەخاتە ڕوو.

هەندێک جاریش ڕەگەزی سەردەم بە تەنیا ڕۆڵی لە هەڵسوڕانی ڕێڕەوی ڕووداوەکاندا هەیە و بە ئاشکرا هەست بە کاریگەرییەکانی بارودۆخ و گۆڕانکارییەکانی سەردەمەکە بەسەر ڕێڕەوی ڕۆمانەکە دەکرێت (عومەر، ٢٠٠٣: ٧، ١٠، ١٣-١٤، ٢٥-٢٦، ٣٠٦٠، ٧٣-٧٤)، بەتایبەت لەو شوێنانەی ڕۆمانەکەدا کە ڕۆماننووس لەسەر زمانی کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکەی ڕووداوە مێژوویی و سیاسییەکان دەگێڕێتەوە

بۆیە لە ڕۆمانی (جەنگ)دا لە چەندین شوێن هەست بە کاریگەری و پێوەندییە فراوان و ئاڵۆزەکانی هەرسێ ڕەگەز و یاساکە دەکەین، کە (تین) پێیوابووە، کاریگەرییان لەسەر پێکهێنانی دەقی ئەدەبیدا لەڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە هەیە. هەر خودی ڕۆمانەکە لەسەر گەڕان بەدوای دیاریکردن و خستنەڕووی ئەم سێ ڕەگەزە بونیاد نراوە، بە مانایەکی تر، کاتێک کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە بەدوای شوناسی خۆی و خێزانەکەیدا دەگەڕێت، ئەمە گەڕانە بە شوێن شوناس و ڕەگەز و نەژادی خۆی و خێزانەکەی، کە وەک ڕەمز و ئاماژەیەک وایە بۆ گەڕان بە شوێن و ڕەگەز و نەژادی کورد وەکو نەتەوەیەک کە هەمیشە هەوڵی سڕینەوە و بزرکردنی شوناس و نەژاد و ڕەگەزەکەی دراوە. لە هەمان کاتیشدا، کاتێک کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە بەدوای زێدی باب و باپیرانی خۆیدا دەگەڕێت، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەو ژینگە جوگرافی و سروشتییەی کە خێزانی کارەکتەری سەرەکی هەر لە کۆنەوە تێیدا ژیاون، ئەمەش کاریگەری ژینگە بەسەر مرۆڤدا دەردەخات. کاتێکیش لەمیانی گەڕان بەدوای شوناس و نەژاد و ڕەگەز و ژینگەوە بارودۆخ و گۆڕانکارییەکانی ئەو سەردەمانە دەخاتەڕوو کە خێزانەکە لە سەردەمانی جەنگی یەکەمی جیهانی و سەردەمی دوای جەنگەکە بەسەریاندا هاتووە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ پێوەندی بەهێزی سەردەم بە هەردوو ڕەگەزی (نەژاد و ژینگە)وە. بۆیە لەم ڕۆمانەدا هەرسێ ڕەگەز و یاساکە کاریگەری قوڵیان لەسەر ڕێڕەوی ڕووداوەکانی


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

نێو ڕۆمانەکەدا هەیە و ڕۆڵێکی سەرەکییان لە دروستکردنی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەدا هەیە.

**ئەنجام:**

لەم توێژینەوەیەدا، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. ڕۆمانی (جەنگ) دەرهاویشتە و ڕەنگدانەوەی بارودۆخی سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی و لێکەوت و ئەنجامەکانی دوای ئەم جەنگەیە. بەمەش کاریگەری و بارودۆخ و گۆڕانکارییەکانی دوو سەردەمی جیاواز لە ڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە.
2. کاریگەرییەکانی نەژاد و ڕەچەڵەک بەڕوونی لە ڕۆمانەکەدا دیارە، ئەمەش کاتێک کە خۆی کوردە و وێنای هەریەکە لە نەتەوەی کورد و تورک دەکات و کۆمەڵێک خەسڵەت و سیفات دەداتە پاڵ هەریەکەیان و دژایەتی نەژادی تورک بەرامبەر کورد دەخاتەڕوو.
3. هەر لەڕووی کاریگەرییەکانی نەژادەوە بەسەر ڕۆماننووسدا، لە ڕۆمانەکەدا کورد، وەکو نەتەوەیەکی ئازا و چاونەترس و پێداگیر لەسەر سەلماندنی شوناس و ناسنامەی بوونی خود (چ وەک نەتەوە، چ وەک تاک) بەرامبەر نەتەوەی باڵادەست (تورک)، دەخاتەڕوو.
4. ڕۆماننوس کاریگەری چەندین ژینگەی جیاوازی بەسەرەوەیە و لە بونیادی ڕۆمانەکەدا ئەم کاریگەرییانە هەستیان پێدەکرێت، بۆ نموونە لە ڕۆمانەکەدا جگە لەو ژینگە جوگرافییەی کە هەیکەلی گشتی ڕۆمانەکەی لەسەر بونیادنراوە، کاریگەرییەکانی ژینگەی سروشتی و ژینگەی سیاسی و ژینگەی کۆمەڵایەتیش بەسەر ڕێڕەوی گێڕانەوەی ڕووداوەکانەوە دیارن.
5. ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە بریتییە لە گەڕان بە شوێن شوناس و ناسنامەی خود؛ کە شوناس و ناسنامەیەکی نەتەوەییە، لەگەڵ شوناس و ناسنامەی بوونی


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

ئەو خودە لەسەر ژینگەیەکی جوگرافیدا کە شوناسێکی کوردستانییە. ڕووداوەکان لەسەر ئەمە هەڵچنراون.

**سەرچاوەکان:**

✓ **کوردی:**

**_ کتێب:**


- قەطوس، د. بەسام (2011)، دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێڕان: د. محمد تاتانی، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.

**_ ماستەرنامە:**

- امین، کارزان کریم (2009)، **ئاراستەکانی ڕەخنەی شیعری کوردی (بە نموونەی ماستەرنامەکانی ئەدەب ١٩٨٨-٢٠٠٠)**، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، عێراق.

**_ گۆڤار:**

- -قادر، ڕێبین خلیل قادر (٢٠١٧)، میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی لە کتێبی (کاروانی شیعری نوێی کوردی)ی (کاکەی فەللاح)دا، **گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی**، هەولێر، ژ: ٣٩، ل (١٦١-١٩٢).
- قادر، ڕێبین خلیل (٢٠١١)، میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبدا، **گۆڤاری ڕامان**، هەولێر، ژ: ١٦٥، ل (٧٣-٧٩).

✓ **عەرەبی:**

**_ الكتب:**

- خليف، د. يوسف (1997)، مناهج البحث الادبي، القاهرة، دار الثقافة للنشر والتوزيع.



IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

- الشايب، احمد (1973)، أصول النقد الادبي، ط8، القاهرة، مكتبة النهضة المصرية.
- الطالب، د. عمر محمد (1993)،رالمذاهب النقدية (دراسة وتطبيق)، موصل، دار الكتب للطباعة والنشر.
- الطاهر، د. على جواد (1979)، مقدمة في النقد الادبي، ط1، بغداد، المؤسسة العربية للدراسات والنشر.
- عتيق، د. عبدالعزيز (1972)، في النقد الادبي، ط2، بيروت، دار النهضة العربية للطباعة والنشر.
- قصاب، د. وليد (2007)، مناهج النقد الادبي الحديث (رؤية إسلامية)، ط1، دمشق، دار الفكر.
- مصطفى و علي، د. فائق و د. عبدالرضا (1989)، في النقد الادبي الحديث (منطلقات وتطبيقات)، ط1، موصل، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر.
- مندور، د. محمد (1974)، في الادب والنقد، القاهرة، نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزيع.
- نشأت، د. كمال (1976)، في النقد الادبي (دراسة وتطبيق)، ط2، بغداد، مطبعة جامعة بغداد.
- هلال، د. محمد غنيمى (1977)، النقد الادبي الحديث، ط3، القاهرة، دار نهضة مصر للطبع والنشر.

✓ **ئينگليزى:**

**_ Books:**

- Wellek, Rene (?), A History of Modern Criticism (1750 – 1950), v.4, Britain, Cambridge University Press.

**ملخص:**

**رواية الحرب لصلاح عمر في ضوء منهج النقد التاريخي**

**(المنهج النقدي لـ(هيبوليت أدولف تين)، على سبيل المثال)**

النقد التاريخي هو أحد المناهج النقدية التي تدرس النص من خارج النص الأدبي و تهتم أكثر بالعوامل الخارجية التي تلعب دوراً مهماً في بنية النص و يهتم بالبعد التاريخي في النص. ومن بين المناهج أو نظريات نقدية لهذا المنهج النقدي، هناك منهج أو نظرية نقدية قادها الناقد الفرنسي (هيبوليت أدولف تين)، والتي تفسر النصوص الأدبية من حيث ثلاث قوانين أو عناصر طبيعية حتمية مثل: العرق و الزمن و البيئة. ويرى (تين) أن النصوص الأدبية هي نتاج تأثيرات هذه القوانين و العناصر الثلاثة، التي تؤثر من ناحية، في ظهور النصوص الأدبية في إطار نظام من القوانين الطبيعية وتخضعها لهذا النظام؛ مثل أي نظام آخر. و من ناحية أخرى، (كما أشار تين)، يمكن اعتبارها معايير ومبادئ نقدية في عملية دراسة النص الادبي، ويجب على الناقد أن يلتزم بهذه العوامل و القوانين الثلاثة و أن يدرس المؤلف و النص الأدبي كعمودين أساسيين لعملية الإبداع الأدبي من منظور القوانين و العناصر الثلاثة.

**الكلمات الاساسية:** منهج النقد التاريخي، الحرب، هيبوليت تين، العرق، العصر، البيئة.

**Abstract:**

**(Salah Omar)'s novel (War) in the light of the method of historical criticism (Hippolyte Adolf Tin)'s critical method, for example)**

Historical criticism is one of the critical approaches that studies the text from outside the literary text and is more concerned with the external factors that play an important role in the structure of the text and is interested in the historical dimension in the text. Among the critical approaches or theories of this critical approach, there is a critical approach or theory led by the French critic (Hippolyte Adolphe Taine), which explains literary texts in terms of three inevitable natural laws or elements such as: race, time and environment. (Taine) believes that literary texts are the result of the effects of these laws and three elements, which affect, on the one hand, the emergence of literary texts within the framework of a system of natural laws and subject them to this system; like any other system. On the other hand, (as Taine pointed out), they can be considered critical standards and principles in the process of studying the literary text, and the critic must adhere to these factors and three laws and study the author and the literary text as two basic pillars of the literary creativity process from the perspective of the three laws and elements.

**Keywords**: Historical Criticism Method, War, Hippolyte Taine, Race, Moment, Environment.